المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 1-29

# بنەماكانی زمانی پەروەردەیی

پ.ی.د. شیلان عومەر حسێن[1]    م.ی. هەوار عومەر فەقێ ئەمین[2]

بەشی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی، عراق

[1] shilan.hussein@univsul.edu.iq

**پوختە**

پەروەردەو فەلسەفەی پەروەردەو پێڕەوی پەروەردەو ڕێبازو میكانیزمو ئامانجی پەروەردەیی لەهەر نەتەوەیەكدا، ستراتیژی نەتەوەیی و نیشتمانی ئەو نەتەوەیە دیاریدەكەن، خودی پەروەردە بە چەمكەكانی (مرۆڤسازیی و ژیانسازیی) پێناسەكراوە، ئەركی پەروەردە دۆزینەوەو دیاریكردنی بەهرەو لێهاتوویی و توانا شاراوەكانی تاكە، چاندنی بەهاكانە، بەگەڕخستنو پەرەدانە بەهەموو لایەنەكانی تاكو ئاڕاستەكردنێتی، هۆكارو سەرچاوەی ئەم ئەركە پەروەردەییەش لەڕێی زمانی پەروەردەوفێركردنەوە دەبێت، بۆیە شێواندنی ئەو زمانەی پەروەردەی پێدەكەین، شێواندنی هەموو بنەماكانی پەرەپێدانی مرۆیی و چاندنی بەهاكانو بنیاتنانی مرۆییە بەگشتی.

مەبەستی سەرەكی ئەم لێكۆڵینەوەیە دیاریكردنی بنەماكانی زمانی پەروەردەو ئەو تیۆرانەی، كاریگەرییان لەسەر زمانی پەروەردە هەیە، تا بە هۆیانەوە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەیی دروست دابڕێژرێت، كە كاردانەوەی لەسەر چۆنیەتی پەروەردەكردنی تاك بۆ كۆمەڵ هەیە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم لێكۆڵینەوەیە، بۆ گرنگی پرۆسەی پەروەردەو ئەو زمانەی پەروەردەی پێدەكرێت بەگشتی و پەروەردەكردنی تاك بەتایبەت دەگەڕێتەوە، كە بنەمای بەرەوپێشچونی زانست و كۆزانیاری و پێشكەوتنی وڵاتو بەرهەمهێنانی نەوەیەكی دروستە لە ڕوی ڕەفتارو ئاكارو زانیاریی لەلایەك، گرنگی و بایەخی پەروەردە لەناو كۆمەڵگاداو ئاڵۆزی و چڕی بنەمای پەروەردە لەلایەكی ترەوە. ئەم زانستە زانستێكی نوێیە، زۆربەی زانستەكانی تر بە بایەخەوە سەیریان كردووە، ئەمەش بەهۆی فرەڕەهەندی زانستەكەوەیە، بەڵام لە زمانی كوردیدا ئەم بوارە كەمتر بایەخی پێدراوە، كە ئەمەش هۆكارێكی تری بنەڕەتیی دیاریكردنی ئەم بوارەیە. لێكۆڵینەوەكە مەبەستێتی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو كێشانەی، كە لە داڕشتنی زمانی پرۆگرامی خوێندنو ئەو كۆزانیارییانەی بەهۆی ئەو هێما زمانییانەوە دەگەیەنرێن بخاتەڕوو، چونكە پرۆگرامی خوێندن ئەركی بنیاتنانی كەسێتی تاك و پەرەپێدانی لەخۆدەگرێت. ئەمەش دەكەوێتەسەر بە زانستی داڕشتن و دانانی پرۆگرامی خوێندن و دانانی بەهاو بنەما پەروەردەییەكان بەپێی پێوەرە ستانداردەكان، كە لەم لێكۆڵینەوەیەدا پەسنكراون. لەم لێكۆڵینەوەیەدا سود لە ڕێبازی لقەكانی زانستی زمانی كارەكی وەرگیراوەو بۆ پەیبردن و دركپێكردنی بنەما پەروەردەییەكان و بە گشتی ڕێبازی شیكردنەوەی پەسنكەرانە بۆ شیكردنەوەی نموونەكان پێڕەوكراوە.

ئەو ئەنجامانەی ئەم لێكۆڵینەوەیە بەدەستیهێناوە، بریتین لە پەسنكردنی بنەماكانی زمانی پەروەردەیی پرۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی، بەمشێوەیە :

ا–بنەمای دەماریی – زمانی: كە دەبێت زمانی پەروەردەیی ووروژێنەرو بەكارخەری هەردوو لای مێشكی قوتابیی بێت.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

ب–بنەمای کۆمەڵایەتیی – زمانیی: زمانی پەروەردەیی فێربوون و فێرکردنی کلتور دیاریدەکات لە ڕێگەی زمانەوە، کە دەربڕو باڵنمای گروپە کۆمەڵایەتییەکان بێت، بە پەروەردەکردنی قوتابی بە بنەما کلتوری و کۆمەڵاتی و ڕەوشتییەکان، دەبێت وشەو دەستەواژەکان لەگەڵ ژینگەی ئێستای منداڵدا بگونجێت و دەربڕاوی خوازەیی بەکارنەهێنرێت، کە ئەمەش لە پڕۆگرامی خوێندنی کوردیدا بەرجەستەکراو نییە.

پ–بنەمای دەرونیی – زمانیی: زمان و درککردن کاریگەری ئاڵوگۆڕکراویان لەسەریەك هەیەو هەردوکییان بەشێکی دانەبڕاون لە ئەزمون و لێهاتویی و پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی تێگەیشتندا، گرنگە وشەو دەستەواژەکان درککردن و تێگەیشتنی قوتابی دەسەبەربکات، ناڕونی و شاراوەی لە نوسینی دەقدا نەبێت، بەشێوەیەك بێت هەست و سۆزی قوتابی بجوڵێنێت، ڕەچاوی حەزو ئارەزوی قوتابی و بەدەستهێنانی بکرێت، قوتابی بابەتەکان وەك بەشێك لە خۆی ببینێت، زمان دەبێتە دەرخەرو پیشاندەرو ڕێنیشاندەرو بنیاتنان و پەرەپێدانی کەسیتی تاك، کە بناغەدانەری کەسێتی خودی و دەرخستنی تایبەتمەندی کەسێتی خودییە، کە لەم لایەنەوە کەموکورتی تەنانەت پێچەوانەکەشی لە پرۆگرامی خوێندندا دەبینرێت .

ت.بنەمای زانستی زمانیی– زمانیی: زمانی پەروەردەیی مەرج و پێویستە بە زمانی ستاندارد بێت. پێویستە تا قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی تەنیا زمانی دایك بخوێنرێت، دواتر قوتابی فێری زمانی دووەم بکرێت، گرنگە پڕۆگرام بایەخ بە بەکارهێنانی زمانی ستاندارد، یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان ، دروستنوسینی پیت و وشەکان، خاڵبەندی بدات، پێویستە فێربوونی پیتەکان بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێی زمانی کوردی بێت و لەخۆوەو بێبەنەمانەبێت، وەرگرتن و بەرهەمهێنانی فۆڕمە کۆنکرێتییەکان لە فێربوونی زماندا، لە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی فۆڕمە ئەبستراکتییەکان لە بوارە جیاوازەکاندا ئاسانترو چالاکترن، کە بە کلتورو جیاوازیی کۆدە تایبەتییە کلتورییەکانەوە پەیوەستە، ئەمانە بەگشتی ڕەچاو نەکراون بگرە بە نازانستیش پڕۆگرامی خوێندنی پێداڕێژراون.

**الملخص**

المقصد الأساسي للبحث المعنون (مبادئ اللغة التربوية)، هو محاولة تحديد مبادئ اللغة التربوية ودورها وتأثيرها على تصميم وصياغة مناهج التعليم، تحت ضوء نظريات التعليم، وتحديد كيفية التعلم. يتحدد مجال الدراسة بعلاقة علم اللغة التربوي بعلم اللغة وعلم اللغة العصبية وعلم اللغة الإجتماعي وعلم اللغة النفسي و إلخ، وعلاقة هذا العلم مع مناهج التعليم. تتبنى الدراسة منهج التحليل الوصفي لتحليل نماذجها، وبيانات الدراسة تتألف من بيانات اللهجة الكوردية الوسطى، اللكنة المستخدمة في السليمانية.

تتألف هذه الدراسة من المقدمة والنتائج والمصادر، و تكون الفصول كالتالي:

الفصل الأول: يعنى بعلم بيئة لغة التعليم، حيث يتألف من ثلاثة مباحث. المبحث الأول يعنى بمقاصد وتحليل لغة التعليم؛ ويتضمن مفهوم علم لغة التعليم، و وصف لغة التعليم ، وتكامل اللغة والتعليم. يعنى بمبادئ لغة التربية، حيث يتضمن المبادئ الأساسية، وينقسم إلى أربعة مباحث. المبحث الأول يكون حول أساس اللغة العصبي، تصوُر الدماغ وتكنيكاته، علم اللغة العصبي وتعلم اللغة الأولى والثانية. المبحث الثاني يتضمن أساس اللغة الإجتماعي، حيث يتحدث عن التربية والذاتية، مظاهر علم اللغة الإجتماعي، التخطيط اللغوي والسياسة اللغوية، وطرق المحادثة. المبحث الثالث يعنى بأساس اللغة النفسي، حيث يدرس علاقة اللغة بالعقل والسلوك ، ومبدأ تداخل المعرفة اللغوية والتفكير، وتعلم اللغة والأولى والثانية. المبحث الرابع يتضمن أساس علم اللغة اللغوي، وينقسم إلى وظيفة اللغة، إستخدام اللغة في التربية، اللغة الفصحى الموحدة، تنمية قدرات الطالب، اللغة وفهم التعلم، اللغة ومهارة الإستخدام، تعدد اللغات، الإملاء.

Abstract

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

The main purpose of the research entitled (Principles of Language in ,the Educational Curricula) the educational )its role and impact on the design and formulation of the education curriculum, under the light of theories of education, and it identifies how to learn. The field of study is determined by the relationship among educational linguistics, neurolinguistics, sociolinguistics, psycholinguistics, and so on, and the relationship of this science with education curricula.

This study consists of an introduction, conclusion, resources, and the chapters will be as follows:
Chapter One deals with ecology of lanugaue of education, and consists of three sections. Section deals with the purposes and analysis of the language of education; including the concept of educational linguistics, description of language of education, and the integration of language and education.
Chapter Two deals with principles of language of education, including the basic principles, divided into four sections. Section one is about neurological bases of language, perception and brain techniques, neurolinguistics and learning first and second languages. The second topic involves the social bases of language, where it talks about education and subectivity, aspects of sociolinguitics, linguistic planning and language policy, and methods of conversation. The third section deals with the basis of psycholinguistics, where he teaches the language of the mind and behavior relationship, and the principle of linguistic knowledge overlap and thinking, language learning, first and second. Section IV contains the basis of linguistic knowledge of the language, and is divided into the function of language, the use of language in education, the classical language consolidated, the development of the student's ability, and understanding of language learning, language and skill use, multilingualism, Dictation..

**پێشەکی:**

**ئەم لێکۆلێنەوەیە بە ناونیشانی ( بنەماکانی زمانی پەروەردەیی)، بەشێکە لە نامەی ماستەری(بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامی خوێندندا ( زمانی کوردی وەك نموونە)، مەبەستی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی بنەماکانی زمانی پەروەردەو ئەو تیۆرانەی، کاریگەرییان لەسەر زمانی پەروەردە هەیە، تا بە هۆیانەوە پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەیی دروست دابرێژرێت، کە کاردانەوەی لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی تاك بۆ کۆمەڵ هەیە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بۆ گرنگی پرۆسەی پەروەردەو ئەو زمانەی پەروەردەی پێدەکرێت بەگشتی و پەروەردەکردنی تاك بەتایبەت دەگەڕێتەوە، کە بنەمای بەرەوپێشچونی زانست و کۆزانیاری و پێشکەوتنی وڵاتەو بەرهەمهێنانی نەوەیەکی دروستە لە ڕوی ڕەفتارو ئاکارو زانیاریی لەلایەك، گرنگی و بایەخی پەروەردە لەناو کۆمەڵگاداو ئاڵۆزی و چڕی بنەمای پەروەردە لەلایەکی ترەوە. ئەم زانستە زانستێکی نوێیە، زۆربەی زانستەکانی تر بە بایەخەوە سەیریان کردووە، ئەمەش بەهۆی فرەڕەهەندی زانستەکەوەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا ئەم بوارە کەمتر بایەخی پێدراوە، کە ئەمەش هۆکارێکی تری بنەڕەتیی دیاریکردنی ئەم بوارەیە. لێکۆڵینەوەکە مەبەستێتی ڕێگەچارەیەك بۆ ئەو کێشانەی، کە لە داڕشتنی زمانی پرۆگرامی خوێندنو ئەو کۆزانیارییانەی بەهۆی ئەو هێما زمانییانەوە دەگەیەنرێن بخاتەڕوو، چونکە پرۆگرامی خوێندن ئەرکی بنیاتنانی کەسێتی تاك و پەرەپێدانی لەخۆدەگرێت. ئەمەش دەکەوێتەسەر بە زانستی داڕشتن و دانانی پرۆگرامی خوێندن و دانانی بەهاو بنەما پەروەردەییەکان بەپێی پێوەرە ستانداردەکان، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەسنکراون. سود لە ڕێبازی لقەکانی زانستی زمانی کارەکی وەرگیراوەو بۆ پەیبردن و درکپێکردنی بنەما پەروەردەییەکان و بە گشتی ڕێبازی شیکردنەوەی پەسنکەرانە بۆ شیکردنەوەی نموونەکان پێڕەوکراوە.**

**1/1) زانستی زمانی پەروەردەیی:**


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

ص:1-29
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زانستی زمانی پەروەردەیی ئەرکی دیاریکردن و پەسنکردنی پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردنی زمانە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ڕۆڵی زمان لە پرۆسەکانی فێربوون و فێرکردندا دەستنیشاندەکات و چۆنیەتی و بنەماو بنەڕەتەکانی پەسندەکات و دەخاتەڕوو، زانستی زمانی پەروەردەیی بەگشتی لە زانستی زمانی کارەکییەوە سەرچاوەیگرتووە، بە واتایەکی تر بنەماو پرس و ڕەهەندەکانی زانستی زمانی پەروەردەیی هەمان بنەماو پرسی زانستی زمان کارەکیی و لەوێشەوە زانستی زمانی گشتییە، واتا زانستی زمانی پەروەردەیی تێکردەکانی ئەو دەرکردانەن، کە بەرهەمی زانستی زمانی کارەکیی و زانستی زمانی گشتیین. (( بواری زانستی زمانی پەروەردەیی پەیوەستکراوە بە بنەماو پرسی زانستی زمانی کارەکییەوە، ئەمەش جگە لەوەی زانستی زمانی پەروەردەیی لقێکی زانستی زمانی کارەکیە، هەموو ئەو پرسانەش لەخۆدەگرێت، کە بنەمان لە زانستی زمانی کارەکیداو بەرجەستەو بەکارهێنەری ئەو بەرهەمانەیە، کە لە زانستی زمانی کارەکی و زانستی زمانی گشتییەوە دەکەونەوە.))[1] . لەمەشەوە زانستی زمانی پەروەردەیی لێکۆڵینەوەی پێڕەوبەندانە لە دروستەکانی زمان، وەرگرتنی زمانی دایك و زمانی دووەم ..... تاد، ڕۆڵی زمان لە پەیوەندیگرتنداو شوێنی و پێگەی زمان، وەك بەرهەمهێنەری کلتورو گروپە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ پشکنین و پەسنکردنی چۆنیەتی کارلێککردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوری لەسەر زمان و تاقیکردنەوەی دروستەکانی زمان و ڕۆڵیان لە پرۆسەی پەیوەندیگرتنداو ...تاد دەکات. خودی ئەمانە لەناواخنیاندا نەخشاندنی پەیکەرێکی پڕاوپڕو تەواوکارانەی کۆزانیارییە لە پێداگۆکی زمانی پەروەردەییدا.

(Stern1983) پێنج بنەمای پێداگۆکی زمانی پەروەردەیی ناساندووە، بریتین لە:[2] چەمکە بنەماییەکان – فێرکردنی زمان، بنەمای زانستی زمان، بنەمای کۆمەڵایەتی، بنەمای دەروونی، بنەمای پەروەردەیی، لەسەر ئەو بنەمایانە ئەم جۆرانەی بنەمای زمانی پەروەردەیی پەسنکراون و شیکراونەتەوە.

2/1) بنەماکانی زمانی پەروەردەیی:

1-2/1) بنەمای دەماریی– زمانیی:

زانستی زمانی دەماریی لە پەیوەستکردنی هەرسێ زانستی[3] : 1- پرۆگرامسازی ( ئاماژە بە ڕێکخستنی بیرو ڕەفتار دەکات) 2- زانستی زمان ( توانای سروشتی لە بەکارهێنانی زمانی دەربڕدراو (ئاخاوتن) و زمانی نازارەکی(جەستە)) 3- کۆئەندامی دەماریی ( کە دەست بەسەر ئەرك و چالاکییەکاندا دەگرێت) پێکهاتووە، زمان کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، بووەتە هۆی ڕاپەڕاندنی بەشێکی زۆری کارەکانی ژیان، بەم هۆیەشەوە زمان وەك بەشێکی گرنگی مرۆڤ سەیردەکرێت و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی لەبارەوە دەکرێت، نەك تەنها لەڕوی پێناسەو سەرهەڵدان و جۆرەکانی و ....، بەڵکو هەوڵدراوە بزانرێت چی وایکردوە زمان دەربڕدرێت؟ کام ئەندامانە بەشداری لە دەربڕیندا دەکەن؟ زمان لە چ بەشێکی مێشکدایە؟ هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤ لە پرۆسەی زمانپێژاندندا دوابکەوێت، چییە؟ گرفتە سەرەکییەکانی وەرگرتنی زمان چییە؟ چۆن مێشك کاردەکات؟ چۆن هەوڵدەدات زانیارییە قسەیی و ناقسەییەکان دەربخات و لێکیانبداتەوە؟ ئەمانەو چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی تر لە بواری زماندا لە ڕێگای زانستی دەمارییەوە کراون، بەمەش لێرەوە زانستی زمانی دەماریی سەریهەڵدا .

زانستی زمانی دەماریی مەبەستێتی شێوازی بیرکردنەوەو پەیوەندییەکان دیاریبکات و لە ڕەفتارو کردارەکانی مرۆڤ بکۆڵێتەوە، کە (( لەلایەك ئامرازو کەرەستەو تەکنیکی ناسینی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و چۆنیەتی بیرکردنەوەو دۆزینەوەی ڕەفتارو تواناو

[1] A.M.Saleh ( 2012: 214)
[2] R.Ellis ( 2008:4).
[3] شیلان عومەر حسەین (2014: 89).

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 1-29
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لێهاتوییە شاراوەکانی گۆڕانە ڕەفتاری و هەستییەکان ... پێدەبەخشێت، لەلایەکی ترەوە کەرەستەو ئامڕازی چۆنیەتی هێنانەکایەی گۆڕانی ئەرێیانە، لە هەڵوێست و بیرکردنەوەو ڕەفتاری مرۆڤانەمان بۆ فەراهەمدێنێت))[4].

1-1-2/1) وێناکردنی مێشک و تەکنیکەکانی:

لێرەدا جەختدەخرێتە سەر ئەوەی، کە ئایا زمان لە چ بەشێکی مێشکدایەو چ ناوچەیەکی مێشک بەرپرسە لە پرۆسەی زمانوەرگرتندا؟ لێهاتووییەکانی مرۆڤ لە چ ناوچەیەکی مێشکدان؟ چۆن چالاکبکرێن و بەگەڕبخرێن؟ لێکەوتەکانی چین؟...، بۆئەوەی لە ڕونکردنەوەی پرۆگرامی خوێندندا سودی لێوەربگیرێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەش پشت بە زانستی دەماریی دەبەستین، بەپێی ئەو توێژینەوانەی لەم بارەیەوە کراون، (مێشک لە دوو نیوەگۆ پێکدێت، زمان دەکەوێتە نیوەگۆی چەپی مێشک، تایبەتمەندی بنەماکانی زمان لە دوو بەشی سەرەکی مێشکدان (Pol Broka ) ,لە ساڵی 1865 بۆیدەرکەوتووە، کە بەشی پێشەوەی لای چەپی نەرمەگوێ لێپرسراوە لە قسەکردن و بەرهەمهێنانی زمان و ڕۆنانی وشەو ڕستە، کە بە ناوچەی (برۆکا) ناسراوە، هەر نەخۆشییەك یان زیانگەیاندنێك لەم ناوچەیەدا ڕوبدات، دەبێتە هۆی کەموکووڕتی لە قسەکردنداو کاریگەری لەسەر قسەکردن دروستدەکات، لە ساڵی 1873 (Wernicke) لێکۆڵینەوەی لە شوێنی زیانگەیاندنی مێشك و نەخۆشی مێشك کردو ئەوەی دەرخست، کە بەشی دواوەی نیوەگۆی چەپی مێشك شوێنی تێگەیشتنی زمانە، کە دەکەوێتە پشت نەرمەگوێوە، ئەم ناوچەیەش بە ناوچەی (وێرنیکا) ناسرا )[5]، ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوندەکاتەوە، کە زمان پرۆسەیەکە لەناو مێشکدا(( وشە لە بەشی وێرنیکا دەبیسترێت، پاشان دركپێدەکرێت، بەهۆی کۆمەڵێك دەمارە ڕیشاڵی تایبەتەوە، لەوێوە لە شێوەی شەپۆلێکی دەنگی (فیزیکی) دەردەبڕدرێت. ))[6]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە پرۆسەی تێگەیشتن پێش پرۆسەی قسەکردن دەبێت، بۆیە دەبینرێت کە منداڵ هەر لەسەرەتای تەمەنیدا دوای لەدایك بوون، لە قسەکان/شتەکان تێدەگات، بەلاَم ناتوانێت بە قسە دەریببڕێت، بۆنموونە کاتێك منداڵ بە ناوی خۆیەوە بانگیدەکەیت ئاوڕدەداتەوەو سەیردەکات، واتا جوڵەکەی بەو ئاراستەیە دەبات، کە دەنگەکەی لێوە هاتووە، لەلایەکی ترەوە زانایان ئەوەیانخسۆتەڕوو، کە بەشەکانی ( ڕاست و چەپی) مێشك هەریەکەیان کۆمەڵێك ئەرکیان هەیە. (ئۆرنشتاین تاقیکردنەوەی لەسەر کۆمەڵێك قوتابی کرد، بۆیدەرکەوت، کە بەشی چەپی مێشك هەڵدەستێت بەم چالاکییانە( لۆجیك، خشتە، هێڵەکان، وشەکان، ژمارەکان، بەدوای یەکداهاتن، نووسین، خوێندنەوە، بیرکاری، شیتەڵکردن و چالاکی تری هاوشێوە)، بەلاَم بەشی ڕاست هەڵدەستێت بەم چالاکییانە( هاوئاهەنگی، ڕەنگەکان، خەیاڵ، مەوداکان، درککردنی ڕوپێوەکان، وێنە، هونەرو نەخشەسازی، دوریی، مۆسیقاو چالاکی تری هاوشێوە)[7]. ، بەمپێیە ( لای ڕاستی مێشك سەرپەرشتی بەشی لای چەپ دەکات و ئەرکی بەستراوە بە هەستەکان و هەڵچون و داهێنان و بەکارهێنانی ئەندێشە، کە بە نیوەی هەستی ناودەبرێت، بەلاَم لای چەپ بە نیوەی شیکاری و هۆشی ناودەبرێت، بڕوانە هێڵکاری ( 1) لەبەرئەوەی لای چەپی مێشك کاریگەری لەسەر پرۆسەی چارەسەری

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو (2014: 90).

[5] بڕوانە (B. Spolsky and F. M. Hult (2008:27-28 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە 1- شیلان عومەر حسەین (2014)،2- ناهیدە ڕەحمان خەلیل (2013).

[6] بڕوانە ناهیدە ڕەحمان خەلیل، (2013: 13).

[7] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە 1- جەیمز ئالێن، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اکرم هادی، عەلی ئەکبەر مەجید ( 2011: 89)، 2- شیلان عومەر حسەین ( 2015: 4) 3- عبدولواحید موشیردزەیی (2014: 54-55).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14


*المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية*

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)



**بینین و شوێن هەیەو کۆنترۆڵکردنی ناوەندی وشەو هەندێك لایەنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو شیکردنەوەو سەنتەری دەماری، کە کۆنترۆڵی چالاکی دەنگە ژێکان و زمان و لێوەکان دەکات)[8].**




**هێڵکاری ( 1) هێڵکاری شێوازی کاری مێشك[9]**

**بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر دەمارەکانی مێشك کراون، دەرکەوتووە کاتێك مێشك داواکاری دەبێت، چالاکی مێشك زیاددەکات، ئەمەش لە ڕێی زیادبونی چالاکی دەمارییەوە، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی داواکاری خوێن بۆ پێداویستی شەکرو ئۆکسجین لەناوچەکەدا، لەم ناوچەیەدا ڕۆیشتنی خوێن دەپێورێت، ئەم پێوانەیە لە پرۆسەی دەماریدا ناڕاستەوخۆیە، کاتێك خوێن لە چەند چرکەیەکدا زۆر دەڕوات، دەردەکەوێت کە چالاکی دەماری دەستپێکردوە، ئەم تەکنیکە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێك بەکاردێت، کە لەکوێ شێوەی تایبەتی پرۆسەی زمان دەکرێت، بەمپێیە دەکرێت لە ڕێی چالاکی دەمارییەوە لێکۆڵینەوە لە جیاوازی قوتابیی زمانی یەکەم و دووەم ( زمانی دایك و بیانی)، وەرگرتنی جیاواز، چەندێتی جیاواز، ڕۆڵی تەمەن، لێهاتویی، لادانی ڕێزمانی،....تاد دا بکرێت[10].**

**لەم دواییەدا توانرا لایەنێکی تر بدۆزرێتەوە، ئەویش پەیوەندی نێوان مێشکی سەرو مێشکی خوارەوە[*]،کە مێشکی سەرو سەروکاری لەگەڵ تاوتوێکردنی چالاکییە زەینییەکاندایە، کاتێك باس لە مێشکی بەشی لای چەپ و لای ڕاست دەکەین، مەبەستمان لای چەپ و ڕاستی مێشکی سەروە، بەڵام مێشکی خوارو زۆرجار بە ( ناخودئاگا، مێشکی کۆن، مێشکی خۆرسکی) ناودەبرێت، ئەم مێشکە زیاتر سەروکاری لەگەڵ چالاکییە ڕۆژانەییەکاندایە، کە زۆرجار ئاگاییمان درکپێناکات، وەك چاودێریکردنی پلەی**

---

[8] **حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی** ( 2015: 105–106).

[9] **شیلان عومەر حسەین** ( 2015: 5).

[10] **بڕوانە** (B. Spolsky and F. M. Hult,(2008: 29).

[*] **بەگشتی مێشك لە چوار لۆپ/پل پێکهاتووە، کە بریتین لە:**

1– **پلی پشتە سەر** Occipitul lobe –2 **پلی سەرەوە** parietal lobe –3 **پلی لاجانگ** temporal lobe 4– **پلی ناوچەوان** frontal lobe

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

گەرمای جەستە، فشاری خوێن، پرۆسەی هەرسکردن، کارلێکە کیمیاییەکانی دیکە...، بەرپرسیارە لە هەست و سۆزەکان، مێشکی سەرو دەتوانێت مێشکی خوارو پرۆگرام بکات و کار لەسەر تەندروستی جەستەو توانای مێشك و بەهێزی بکات[11]. **

هەندێك تایبەتمەندی بەکارهێنانی لای چەپی مێشك[12]:

-1ڕونکردنەوەی زارەکییان کاراترە. 2- زمان بە چڕی بەکاردەهێنرێت. 3- کاراکردنی بەدوابیەکداهاتن و ڕیزبەندی کۆزانیاری. 4- لەو کارانەدا، کە پێویستییان بە بیرکردنەوەی هەستیاری هەیە، کاران. 5- جەخت لەسەر یەك کاردەکەنەوە. 6-پێیانباشە بەڕونی هەڵسوکەوت لەگەڵ کارەکانیاندا بکەن. 7- حەز لەو کارانە دەکەن کە چالاکییان هەیەو پێویستی بە ڕونکردنەوەو بەدواداگەڕانە. 8- بە لۆجیکی بیرەکان بەرهەمدەهێنن. 9- پێیانباشە کە کارەکانیان ڕێکخراوو پلەبەند بێت. 10-ڕووبەڕووبونەوەی گرفتەکان بە شێلگیرانە دەبنەوە.

تایبەتمەندیی بەکارهێنانی لای ڕاستی مێشك بریتیین لە:

-1ڕونکردنەوەی کرداری و بینینیان کاراترە. 2- بەکارهێنانی هێڵکاری هۆشەکی. 3- چارەسەرکردنی پرسەکان بەشێوەیەکی گشتی. 4- بەرهەمهێنانی بیر بە پێشبینیکردن. 5- ئەو کردارانەی کە پێویستییان بە تەنها بیر هەیە، کاراترە. 6- لەیەك کاتدا کار لەسەر زیاتر لە کردارێك دەکەن. 7- چالاکی نوسین و ڕێکخستنیان کاراترە. 8- لێهاتون لە قسەکردندا. 9- شارەزایی سەربەخۆیان پێباشە بە بێ دیاریکردن. 10- حەزیان لە بیری گشتییە. 11- بە شێلگیرانە ڕووبەڕوی گیروگرفتەکان نابنەوە.

ئەو کەسانەی نیوەی ڕاستیان کاراترە/بەکاردەهێنن، دوو جۆر بیرکردنەوەیان بەسەردا زاڵە، ئەوانیش[13] : 1- بیرکردنەوەی داهێنەرانە (کە بیرکردنەوەکانیان ستراتیژین، خاوەن بۆچونن، دۆزەرەوەن، تێڕوانینی گشتییان هەیە، بۆچونیان جۆراوجۆرە، تاقیکردنەوەیین،...تاد )، 2- بیرکردنەوەی سۆزداری ( بە ئاسانی دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر بگرن، چاودێریکەرن، خاوەن هەست و سۆزن، گرنگی بە مرۆڤ دەدەن، واتای مرۆڤایەتی دەزانن)، بەڵام ئەوانەی لای چەپی مێشك بەکاردەهێنن دوو جۆر بیرکردنەوەیان بەسەردا زاڵە، کە بریتیین لە: 1- بیرکردنەوەی شیکەرەوە ( خاوەن زانیارین، گرنگی بە ژمارە دەدەن، جەختکەرەوەن، سودوەرگرن، هەڵسەنگێنەرن...)، 2- بیرکردنەوەی ڕاپەڕاندن ( پلاندانەرن، کاریگەرن، هەنگاونەرن، درێژەپێدەرن، ڕاستکەرەوەن، ڕێکخەرن، سیستماتیکن، لە کارگێڕی کات سەرکەوتون، ئاسایش بەخشن.(..,

لێکۆڵینەوە نوێیەکان جەخت لە بەکارهێنانی هەردوو لای مێشك دەکەن پێکەوە لە پرۆسەی فێربووندا، ئەویش بەوەی کە زیاتر لە چالاکییەك فێری منداڵ بکرێت، بە تایبەت لەسەرەتای قۆناغی سەرەتاییدا، بۆنموونە لەگەڵ خوێندن و نووسیندا وانەی مۆسیقاو وەرزش و وێنە... فێربکرێت، ئەمە کاریگەری هەیە لەسەر برەودان بە ژیری و بەرهەمی داهێنەرانە، بەمەش کار بە هەردوو لای

[11] جەیمز ئالێن، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اکرم هادی، عەلی ئەکبەر مەجید ( 2011: 94).

** لە ئێستەدا لێکۆڵینەوەی زۆر ورد لە ئاستی وێنەی دەماری بۆ وەرگرتنی زانیاری کراوە، کە چۆن وەرگرتنی فۆنۆلۆجی ڕودەدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی بابەتی باسەکەمان نییە، نەچوینەتە ناو ڕونکردنەوەی وردی زمانپێژانەوە.

[12] حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی ( 2015: 106-107).

[13] عبدولواحید موشیرذەیی (2014: 55-56).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
ص: 1-29
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

مێشکی منداڵ دەکرێت و چالاکدەکرێت، تواناو لێهاتوویی منداڵ لەو ئاستەی کە توانای تێدا هەیە دەردەکەوێت و لەڕێیەوە پەرە بە تواناکەی دەدرێت.

2/1–1–2) زانستی زمانی دەماریی و فێربوونی زمانی یەکەم:

پرۆسەی فێربوون و فێرکردن پەیوەندی تەواوی بە مێشکەوە هەیە، خوای گەورە زمان و مێشکی بە مرۆڤ بەخشیوە، کە هۆکارێکن بۆ بیرکردنەوەو تێگەیشتن و ڕەفتارو وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و داهێنان و پەیوەندیکردن ....تاد، بەمەش ڕوخسارو جوڵەی لەش ئاوێنەی بیرکردنەوە دەبێت.

پرۆسەی زمانپژانی منداڵ پاش لەدایك بوون تا تەمەنی (5) ساڵی دەخایەنێت، منداڵ لە ساڵی یەکەمیدا دەست بە وەرگرتنی کۆزانیاری فەرهەنگی و جیاکردنەوەی فۆنۆلۆجی وشەکان دەکات، وشەکانی منداڵ سەرەتا پچرپچرو دوبارەن و وشەکان دابەشدەکەن، باوان و کۆمەڵ لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی وشەکان کار بۆ فێربوونی منداڵ دەکەن، بۆئەوەی دەنگەکان بناسنەوەو وشەکان وەربگرن، ( جیاکردنەوەی فۆنۆلۆجی وشەکان لە تەمەنی 14 مانگیدا دەردەکەوێت، بەڵام بەرهەمهێنان و درککردنی دروستەی سینتاکسی دوادەکەوێت، ( لەسەرەتادا منداڵ زیاتر دەربڕینەکانی لە شێوەی ڕستەی باسمەندا* دەردەکەوێت، کە ئەو وشانەی مەبەستییەتی و لای گرنگە دەیکات بە تۆپیکی ڕستەکەی، بۆیە دەبینین منداڵ لە تەمەنی 2,5 بۆ 3,5 زیاتر ڕستەی باسمەند بەکاردەهێنێت.)، منداڵ دوای وەرگرتنی دەنگ و دەربڕینی وشەکان و دەربڕینی سینتاکسی پەرەدەسێنێت، ( چونکە پەرەسەندی سیمانتیکی و سینتاکس کاتی زیاتری لە ئەرکی فۆنۆلۆجی دەوێت)، بەمپێیە پەرەسەندنی مێشك لەدوای لەدایك بونەوە دەستپێدەکات[14] ، لایەنی گرنگ لە پرۆسەی چالاکی دەماری مێشکدا پەیوەندی پەرەسەندی مێشك و زمانوەرگرتنەوە هەیە. پرۆسەی زمانپژانی منداڵیش تا تەمەنی (5) ساڵی بە ئاکام دەگات، لەبەرئەوە زۆر گرنگە لەم قۆناغەدا هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا بکەین تا فێری زمانێکی پاراو و دروست ببن، گیروگرفتی بۆ نەهێنینە پێش. دیاریکردنی ئاستی توانست و توانای ژێری منداڵ لەم قۆناغەدا، لە وەرگرتنی گەنجی وشەو ڕستەو توانای درککردنی زمان، کە ئەمە خۆی بەشێکە لە پرۆسەی وەرگرتنی زمان، ئەو دەروازانەن کە ڕێگەخۆشکەرن لە چۆنیەتی دانانی پرۆگرامی خوێندندا.

2/1–1–3) فێربوونی زمانی دووەم:

بەپێی ئەو لێکدانەوانە دەردەکەوێت، کە هەردو پرۆسەی زمانوەرگرتنی زمانی دایك و زمانی دووەم لە فێربووندا هاوشێوەن، لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە هەمان شێوەی زمانی دایك فێربوونی فۆنۆلۆجی پێشدەکەوێت، دواتر کۆزانینی فەرهەنگی و پەرەسەندنی سیمانتیکی و بەرهەمهێنانی سینتاکسی دێن*. لەهەردوکیاندا پرۆسەی وەرگرتنی فۆنۆلۆجی پێشدەکەوێت و دروستەی سینتاکسی دوادەکەوێت، پێویستی بە کاتی زیاتر دەبێت بۆ فێربوون .

---

* بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ڕستەی باسمەند بڕوانە کاروان عومەر قادر( 2008).

[14] بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult (2008: 31-32).

* لەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون دەرکەوتووە، کە قوتابی بۆ فێربوونی زمانی دوەم، بۆ ماوەی 14 کاژێر لە زانیاری توانیوەیەتی وشەو ناوشەکان لە یەکتر جیابکاتەوە، بۆ ماوەی 63 کاژێر لە زانیاری توانیویەتی پەیوەندی سیمانتیکی بەدەستبهێنێت و وەریبگرێت، بە بێ ئەوەی تەمەن دیاریبکرێت لەم لێکۆڵینەوەدا. بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult (2008:34).

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زمانەوانی دەماریی ئاماژە بۆ کارکردنی دەمارەکانی مێشك دەکات لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بۆ درککردن و هەستکردن بەو کۆزانیارییانەی کە فێردەکرێت، ئەمەش بە کارکردن و جوڵانی هەستەوەرەکانی مرۆڤەوە بەندە، لە ڕێگەی سەرنجدان بە بابەتەکەو دیاریکردنی تێبینی و فێربوون وەرگرتنی زانیارییەکان و ڕونکردنەوەو شیکردنەوەو پاشان ڕاهێنان لەسەر پیادەکردن و جێبەجێکردنی زانیارییەکان، بۆنموونە کاتێك قوتابی فێری پیتەکانی زمان دەکرێت، هەوڵدەدرێت سەرەتا سەرنجی قوتابی بۆ پیتەکە لە ڕێگەی پیشاندانی وێنەو نووسینی پیتەکە ڕابکێشرێت، پاشان قوتابی بەشێوەی نووسینی پیتەکە ئاشنادەکرێت، بەمەش قوتابی تێبینی ڕێنوسی پیتەکەو بەکارهێنانی لە وشەدا وەردەگرێت و لەم ڕێگەیەوە زانیاری لەسەر دەنگ و خوێندنەوەو نووسین دەستدەکەوێت، لە ڕێگەی ڕاهێنان و بەردەوامبون لە نووسین و هەوڵدان، کۆزانیارییەکانی فێربوونی پیتەکە خەزندەکات. بەم پێیە قوتابی زیاتر جەخت لەسەر بابەتەکە دەکات و کاریگەری زیاتردەبێت، ئەم ڕێگایە لە زمانەوانی دەماریدا وەك (( (پەیوەستە) دیاریدەکرێت، واتا بە دوبارەکردنەوەی پەیوەستە دروستەکان دەتوانین ئەزمونە ڕاستیەکان بۆ یادگە بگێرینەوە. ))[15]، بۆنموونە لەگەڵ دەرکەوتنی وشەیەکی تر، کە ئەو پیتەی تیادابێت، کە پێشتر وەریگرتووە، کە دەمارە هەستەکان دەکەونە کارو زانیارییەکان دەگێڕێتەوەو پەیوەستی دەکات بە زانیارییەکانی ئێستای، بەمەش قوتابی ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی ئەو پیتەی بە بیردادێتەوە، بەکاریدەهێنێت.(( ئەوانەی کاتێك گەنجن زمانی تر وەردەگرن، چالاکی هاوشێوەیان لە بەشی ناوچەی برۆکا (Broca) دەردەکەوێت، زمانەکە لە بەشی جیاوازی ڕووبەری برۆکا چەق دەگرێت، بەمەش دەچێتە یادگەی درێژخایانەوەو ئاسانتر دێتەوە یاد))[16].

گرنگی زانستی زمانی دەماریی لەوەدایە، کە زانیاری دەربارەی ئەرکەکانی مێشك دەستدەکەوێت و ڕێنیشاندەر دەبێت، بۆ بناغەدانانی پڕۆگرام بەشێوەیەك ، کە بتوانێت بۆ هەموو قوتابییەك گونجاوبێت وتوانست و تواناکانی پەرەپێبدات، هۆکارێکە بۆ زانینی چۆنیەتی وانەوتنەوەو پەرەدان بە بەهرەکانی قوتابی، بۆنموونە یەکێك لەلایەنی دانانی پڕۆگرام ڕیزبەندی و ڕێکخستنە لە دانانی پیتەکانی زمان بۆ قۆناغی یەکەم و ڕیزبەندی بابەتەکانی پڕۆگرامەکە بۆ قۆناغەکانی تری خوێندن، چونکە یەکێك لە ئەرکەکانی کە لە هەردوو لای مێشکی مرۆڤدا هاوبەشن، ئەوەیە کە ڕێکخستن و ڕیزبەندییان پێباشە، بەمەش قوتابییان لەسەرەتای ژیانیانەوە ئارەزوی ڕیزبەندی دەکەن، بە پەیڕەوکردنی لە پڕۆگرامدا ئەم ڕێکخستنە لای منداڵ گەشەپێدەدرێت، دەبێت پڕۆگرام و ئەو زمانەی تیایدا بەکاردێت، بەشێوەیەك بێت کە هەردوولای مێشك کاراو چالاکبکات.

2–2/1) بنەمای کۆمەڵایەتیی – زمانیی:

کۆمەڵ وا ناسێنراوە، کە چوارچێوەیەکی گشتییە، تیایدا ئەو پەیوەندییانەی، کە لەنێوان گردبونەوەو پەیوەندیگرتنی تاکەکانیدا، کە لە ژینگەیەکی دیاریکراودا نیشتەجێن دەستنیشاندەکات، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵێك ئامانجی هاوبەش و بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕکراو لەنێوانیاندا دروستدەبێت و ئاراستەی کارلێککردنی دەستەیەك لە بەهاو یاساو پێڕەو و ڕەفتار دەکات، لەم ناساندنەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەڵ یان هەر کۆمەڵێك دەبێت ژمارەیەك لە پێڕەوی پەروەردەیی، ڕامیاری، ئابوری، کۆمەڵایەتی، یاسایی و کلتوری هەبێت، زمانیش کە پێڕەوێکی کۆمەڵایەتی گشتگیرە هەڵگرو دەربڕی هەموو لایەنەکانی کۆمەڵەو هەر لەم ڕوانگەیەشەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هاتۆتە ئاراوە.

---

15 ابراهیم فەقێ، و. گەرمیان محەمەد (2013: 69).
16 www.wikipeda.org


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 1-29
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی زانستێکی کارەکییە، گرنگی بە کارلێکی نێوان زمان و کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانە زمانییەکان دەدات، لە ڕێگەی ئاخاوتن یان نووسینەوە بێت، هەوڵدەدات لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانی زمان لە بارودۆخە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وکێشە پەروەردەییەکان لە پرۆسە پەروەردەییەکاندا بکات، زانستەکە گرنگی بە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی ڕەفتاری زمانیی دەدات، نەك شیکردنەوەی زمانەوانی، باس لەو گۆڕانانە دەکات کە بەسەر زماندا دێن، پێیوایە گۆڕانەکانی زمان لە ئەنجامی گۆڕینی کۆمەڵ و بیرو پەیوەندییەکان ڕوودەدەن و لە دەربڕیندا ڕەنگدەدەنەوە، لێرەشەوە دەتوانین لە بنەماو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە .

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە دەکات، بەوەی ڕایەڵەی پەیوەندی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات و لەلایەکی تریشەوە لە کاریگەری ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە لەسەردیاردە زمانەوانییە جیاوازەکان دەخاتەڕوو[17] . سۆسێر دەڵێت: "زمان بەرهەمی کۆمەڵایەتییە. [18] "، بە واتا زانستی زمانی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەی کۆمەڵ و بیرەکانی دیاریدەکات.

ئەرکی پەروەردە لەناو کۆمەڵدا، گرتنەخۆو گواستنەوەی دابونەریت و نواندنی کەلەپوری کلتوری کۆمەڵ و پەرەسەندنی نموونەی نوێی کۆمەڵایەتی و چالاککردنی هێزی بنیاتنان و داهێنانە. یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە پەروەردەدا، گرنگی بە تێگەیشتنی قوتابی لە وەرگرتنی کۆزانیارییەکان و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەدات، (( کە بەهای کۆمەڵایەتی ئەو تایبەتمەندی و چۆنێتیانەن، کە لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا خوازراون، ئەمانیش کۆمەڵە هۆکارێکی کلتوری باو دەیانهێنێتەکایەوە. ))[19] و جیاوازییە زمانییەکانی قوتابی لە پۆل و خێزان و کۆمەڵدا ڕەچاودەکات، کە بۆ پرۆسەی فێربوون و فێرکردن گرنگە،(( زانستی زمانی پەروەردەیی بە تەنها ناکەوێتە ناو پەروەردەی قوتابخانەکان، بەڵکو ئاڕاستەی کاری ڕووەو قوتابخانەو کۆمەڵو بزاڤی مرۆیی ( ناوخۆیی و دەرەکی) یشە))[20] . کەواتە لێکەوتەی زانستی زمانی پەروەردەیی لەسەر قوتابییان تێدەپەڕێت و خودی کۆمەڵیش بەگشتی دەگرێتەوەو خێزانیش کە بە بازنەی نێوانگری نێوان تاك و کۆمەڵ دیاریکراوە، ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو لە پەروەردەکردنی تاکدا دەبینێت، چونکە ((خێزان یەکەم ژینگەی کۆمەڵایەتییە، کە منداڵ پەیوەندی تێدا دەگرێت و تێکردە بیرییەکانی لێوەردەگرێت))[21] تاکیش بەشێکە لە خێزان، بەمەش منداڵ لەسەرەتاکانی تەمەنیدا زانیاری و شارەزایی لە خێزانەوە وەردەگرێت و لە هەڵسوکەوتیدا لاسایی خێزان دەکاتەوە، خێزانیش لە ڕێگەی ئەو کلتورە باوەی کە لەنێوکۆمەڵدا هەیە، بەهاو پێوەرە ڕەوشتییەکان ویاسا زمانیەکان وەردەگرێت و لە ڕێگەی زمانەوە دەیانگوازێتەوە، کە زمان ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کلتورو کۆمەڵە، کە تێگەیشتن و درککردنی شتەکان و ئەزمون و کۆزانیارییەکان لە ڕێگەی زمانەوە ئاڵگۆڕپێدەکرێت، هەروەك " بینجامین لی وۆرف دەڵێت: زمان جۆرێك مەنتق وچوارچێوەی گشتی ئاماژەپێکردن پێکدێنێت و بەمشێوەیە هەر زمانێك سیما بە هزری قسەپێکەرانی بەکارهێنەرانی خۆی دەبەخشێ، پاشان بانگەشەی ئەوەش دەکات، لە هەر شتێك، کلتورو زمانێك پێکەوە هەڵیان دابێ، گەلێ پەیوەندی گرنگ لەنێوان لایەنەگشتییەکانی ڕێزمان وتایبەتیەکانی ئەو کلتورەدا،بەگشتی، لەئاراداهەیە. "[22]، بەمەش لایەنەکانی زمان لە ئەنجامی تێگەیشتن و بیرو هزری تاکەکانی کۆمەڵ ودرککردنیان دروستدەبێت، (Halliday)دەڵێت: "

[17] محمد اسماعيل المشهداني ( 2005: 3).
[18] خلود ابراهيم الحموش ( 2010: 87).
[19] هەڤاڵ ئەبوبەکر ( 2013: 140).
[20] Nancy H. Hlornberg(2008).
[21] شیلان عومەر حسەین ( 2015: 18).
[22] و.ڕەحیمی سورخی (2006: 108).

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

پەیوەندی نێوان دروستەی کۆمەڵ و ڕەفتاری زمانیی پەیوەندییەکی هەمیشەییە. "[23]، لەم ڕوانگەیەشەوە وشەو واتاو کلتوری کۆمەڵەکان جیاواز دەردەکەون و پەیوەستدەبن بە تایبەتمەندی ژینگەی کۆمەڵەوە، بەمەش کلتور (( کۆمەڵێك کردارو باوەڕی لێکگرێدراوە، کە لە ڕێگای کۆمەڵوە بە میرات بۆمان ماوەتەوەو تانوپۆی ژیانی ئێمە پێکدەهێنێت))[24].

کلتور[*]بەشێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵ، بۆیە کلتور پەیوەندی بە بنەماو ئامانج و بیروباوەڕی کۆمەڵوە هەیە، کە سەرچاوەی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و چالاکی تاکە. کەواتە (( کلتور کۆزانینە. ئەم زانینەش لەلایەن کۆمەڵەوە وەردەگیرێت، لەلایەکی تریشەوە توانای بیرکردنەوەو داهێنانی تاکەکانی کۆمەڵەو ڕێنمایی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ هەڵکردن لەگەڵ یەکتریدا دەکات. ))[25]، بەمشێوەیەش کلتور چەمکێکی فراوان و گشتگیری هەیە، کە هەموو پێکهاتەکان دەگرێتەوە، هەمیشە دەگۆڕێت چونکە تاکەکان، گروپەکانی کۆمەڵ بەردەوام لە گۆڕاندان. دیاریکردن و فێربوون و فێرکردنی کلتور لە ڕێگەی زمانەوەیە، بۆیە (( زمان و کلتور جیاناکرێنەوەو بەبێ یەك پێناسە ناکرێن، ئەوەی بەشداری لە کلتوردا بکات دەبێت زمانی کلتوری فێرببێت و بە پێچەوانەشەوە ))[26].

یەکێك لەلایەنە گرنگەکانی فێربوونی کلتور لە خوێندنگادا، وەرگرتنی بەها کلتورییەکانە، بەها ئەو بیروباوەڕانەیە، کە لەناو کۆمەڵدا باوەو ناسنامەی کلتوری نەتەوە دەگەیەنێت و لایەنی باش و خراپ دیاریدەکات، ڕونکردنەوەو دیاریکردنی یاسا پەسەندو ناپەسەندەکانە، ڕەفتارو ئەو بیرۆکانەی کە گرنگ و بە بایەخن دەگرێتەخۆ، ئاراستەی ڕەفتاری تاکی پێدیاریدەکرێت، (( بەها پێوەرو بنەمایەکە بەکاردێت بۆ حوکمدان لەسەر شتەکان، کەسەکان و هەڵوێستەکان، بەوەی باش و ویستراوە، یاخود خراپ و نەویستراوە))[27].

بەها بۆ سێ بەش پۆلێندەکرێت[28] : ((1- ناوەرۆك( وەك بەهای بنەڕەتی ژیان، جوانی، ئایینی، ڕەوشتی، ژیریی، کۆمەڵایەتی، خودیی) 2- گشتاندن ( وەك بەهای جیهانی لە بەرانبەر بەهای ناوچەیی، بەهای گشتی لە بەرانبەر بەهای تایبەتی، بەهای خودیی) 3- هێز ( بەهای کرۆکی بەرانبەر بەهای پەراوێز، بەهای ئامانجی ڕاستەقینە بەرانبەر بەهای تایبەتی، بەهای ڕاستی بەرانبەر بەهای خەیاڵی))، (( هەندێك لە پەروەردەکاران بەها دابەشدەکەن بۆ: 1- بەهای ڕەها ( کە دەقی ڕاشکاوی لەسەرەو گۆڕانی

---

[23] G.Wells (2004: 37) .

[24] شاخەوان جەلال فەرج ( 64: 2013).

[*] کلتور دابەشدەبێت بۆ: 1- گشتی: بەشێکی کلتورە، کە بەشدارە لە دامەزراندنی کۆمەڵو زمان و کەلەپورو باوەڕو بەهاکان، واتا پێکهاتەی زمانی نەتەوەیی، بیروباوەڕ، شێوازی سلاّوکردن، ڕەفتاری گشتی، ڕێگای بەرەنگاری گیروگرفت و ڕوداو دەگرێتەوە، کە کۆمەڵکان لە یەکتر جیادەکاتەوە، کلتوری گشتی پێکهاتەی پەرەسەندنی کۆمەڵیە، کە تاك و کۆمەڵ هەوڵی پێگەیشتنی دەدەن، 2- تایبەتێتی: ئەو پێکهاتانەیە، کە تاکەکانی بەپێی پیشەو ئەزمون و کاریان لە کۆمەڵدا لە یەکتر جیادەکرێنەوە، ئەویش دوو جۆرە، ا- تایبەتمەندی پیشەیی. ب- تایبەتمەندی ئاست. 3- نوێباو/ جێگرتنەوە: شێوازێکی کلتورە، کە زانیاری و تایبەتمەندی نییەو ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵ بەشدارە، کۆمەڵیەکی دیاریکراو یان گروپێکی تایبەتی نییە. ئەو شتانەیە، کە لە کلتوری دیاریکراودا وەڵامدانەوەی بۆ دەبێت، هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات، نموونە ئەنتەرنێت، فاکس..... . بڕوانە سعاد محمد السید، (2009)، عبدالعزیز بن صلاح التمیمی ( 34-35)، غازی مفلح (2013: 10-11)

[25] شاخەوان جەلال فەرج ( 67:2013).

[26] N. P. Terry& M. A. Lrving ( 111) .

[27] ئیدریس سیوەیلی ( 2014: 31).

[28] احمد عازم (2007: 71-72).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەسەردا نایەت) 2- بەهای ڕێژەیی ( بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا دێت و شتی نوێی بۆ زیاددەکرێت)، لەگەڵ بەها باڵاکان، بەهای ژیاری، بەهای ڕەوشتی ))[29].

بەگشتی چەند جۆرێك بەها دیاریکراوە، وەك[30] : 1- بەهای کۆمەڵایەتی 2- بەهای ئایینی 3- بەهای ڕەوشتی 4- بەهای مرۆڤایەتی 5- بەهای ئابوری 6- بەهای نیشتمانی 7- بەهای تەندروستی 8- بەهای جوانی 9- بەهای خودی و کەسی 10- بەهای ویژدانی 11- بەهای هزری و ئاوەزی 12- بەهای تەنزئامێزیی 13- بەهای زانستی و کۆزانیاری 14- بەهای ڕامیاری

لە پرۆسەی پەروەردەدا ئەم بەهایانە فێری قوتابی دەکرێت، بۆ برەودان بە کۆزانیارییەکانیان، کە ئەم بەهایانە هەندێکیان جیهانین و لەناو نەتەوەکانی جیهاندا بوونیان هەیەو بایەخی پێدەدرێت، بۆنموونە، بەهای ڕەوشتی، بەهای تەندروستی، بەهای جوانی، بەهای زانستی و کۆزانیاری، هزری و ئاوەزی، کە هەر یەك لەم بەهایانە لەناو کۆمەڵەکانی جیهاندا هاوبەشن، هەندێك بەهای تر ناوچەیین و لەناو کۆمەڵێك نەتەوەدا بونی هەیە، ئەمەش وادەکات قوتابی لە ڕێگەی وەرگرتنی بەهاکانەوە بە بنەماو تایبەتمەندی بەها جیهانی و ناوچەیی و نەتەوەییەکان ئاشنا بێت و بیرو هزری فراوانبێت.

بەمەش کلتور بۆ کلتوری نەتەوەیی و ناوچەیی و جیهانی دابەشدەبێت، بە پێی ژینگەو ڕادەی بیرو لێکدانەوەو درککردنی بۆ دەوربەر دەگۆڕێت، کە ناواخنی کلتور لە هەر کۆمەڵێکدا بریتی دەبێت لە کلتوری نەتەوەیی، زۆر لە کۆمەڵەکان هاوبەش دەبن لە هەندێك بنەماو بنەڕەتی کلتوریدا، بەمەش کلتوری ناوچەیی دروستدەبێت( وەك جەژنی نەورۆز)، یان لە نێو نەتەوەکانی جیهاندا چەند تایبەتمەندییەکی ڕەوشتی هاوبەش هەیە، کە وەك بەهاو کلتوری جیهانی دەناسرێت (بۆنموونە ڕاستگۆیی، ئازادی).

(Vygotsky)دوو بنەمای پەیوەستی بە پەرەپێدانی کلتوری لای منداڵ دیاریکردووە[31]:

1. ئاستی کۆمەڵایەتی: منداڵ لەگەڵ دەوروبەریدا[*].
2. ئاستی دەرونی: منداڵ لەگەڵ ناواخنیدا/خودی خۆیدا.

تاك لەڕێگەی خێزانەوە کلتوری نەتەوەیی فێردەبێت و لە قوتابخانەشدا لە قۆناغی سەرەتایی گەشە بە کۆزانیاریی کلتوریی نەتەوەیی دەدات و لە قۆناغەکانی تری خوێندنیشدا بە هاوبەشی پرۆگرامەکانی (کۆمەڵایەتی و زانستی و ....) کۆزانیاریی

---

[29] ئیدریس سیوەیلی، سیمینار

[30] بڕوانە محمد حمدان العبادی (1996)، شیلان عومەر حسەین (2015: 21-22).

[31] موسی رشید حتاملە ( 1427: 128).

[*] بەگشتی دوو جۆر دەوروبەر دیاریکراون، کە بۆ کلتور گرنگە:

-1دەوربەری دەرەکی: ئاماژە بە شوێن و ڕێکخستنە جیاجیاکان دەدات، کە کارلێك تیایاندا ڕوودەدەن و واتا کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستەدەکەن، بەواتا دەوروبەری دەرەکی دەربارەی واتای کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی بەرفراوان، بە واتا ئەو ڕێگەیەی کۆمەڵە کلتورێکی دیاریکراو چۆنێتی کارەکیکردن و پەیوەندیگرتنیان پێڕێکدەخەن.

-2دەورووبەری ناوەکی: ئاماژە بە واتای کلتوری دەدات، کە خەڵکی خۆیان بەدەستیدێنن لە بەیەکگەیشتنیاندا، ئەمەش دەورووبەری ناوەکییە، کە بارودۆخی وا دەخولقێنێت، کە لە تێگەیشتن یان بە هەڵە تێگەیشتن لە خەڵکی تر بە جیاوازی کلتورەکانیشیانەوە.

3- جۆرێکی تری دەورووبەر کە ( Ellis & Robert 1987 دیاریکردوە، بریتییە لەو بارودۆخە خودییەی کە خۆت بۆ خۆتی دەخولقێنیت. (R.Micalpagie& H. Jorstad& L.Siaya& F.Klein (2003: 12).

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

کلتوری ناوچەیی و جیهانی وەردەگرێت، (( کلتور لە فەرهەنگدایە، لە ڕێگەی فەرهەنگەوە کلتور دەدەیت بە منداڵ، لە ڕوی پەروەردەییەوە بابەتەکان هەڵدەبژێریت، کە ئەو وشانەی تێدابێت پەیوەندی بە کلتورەوە هەیە، لە قۆناغی بنەڕەتیدا ئەو وشانەی پەیوەستن بە خودی منداڵ پاشان قوتابخانەو گەڕەك و شارەکەی...،بەشێوەیەکی سنوردار کلتوری جیهانی دەبینرێت، ئەوانەی کە جەستەیین وەك tv, ئامێرە ئەلکترۆنییەکان،.... ))[32]، بۆیە قۆناغی سەرەتایی بۆ تاك گرنگە تا ڕەفتاری شیاوو گونجاوی هەبێت لەناو کۆمەڵداو ڕێگایەك و یارمەتیدەرێکە بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی لێهاتویی و کۆزانیارییەکانی لە قۆناغی خوێندنیدا، چونکە قوتابخانە تەواوکەری پەروەردەی خێزانەو بنیاتنەرو پەرەپێدەرو دروستکەری کەسایەتی منداڵە، گەشە بە پەروەردەکردنی زیاتری قوتابی دەدات، بەمەش ڕەخساندنی ژینگەی لەبارو گونجاوو پرۆگرامی تایبەت بە پەروەردەی ڕەوشتی، یارمەتی بەرەوپێشچونی پەروەردەی تاك دەدەن.

3–2/1) بنەمای دەروونیی– زمانیی:

زانستی زمانی دەروونی بەشێوەیەکی سەرەکی لێکۆڵینەوە، لە ڕۆڵی زمان لە پرۆسەی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان لە مێشکدا دەکات، بەگشتی شیکردنەوە لە دروستەی دەنگ و وشەو ڕستەی زمان دەکات، کە ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی زماندا هەیە، بە واتا لە دوو دیاردە دەکۆڵێتەوە، بەرهەمهێنانی زمانیی و تێگەیشتن لێی، ئەرکی ڕونکردنەوەی کاریگەریی دەرونی ( وروژاندن و درککردن و ... لەسەر فێربوون) لەخۆدەگرێت، هەر لەبەرئەمەشە زانستی زمانی دەروونی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری لەسەر زانستی زمانی پەروەردە هەیەو پێکەوە بونەتە لقێك لە زانستی زمانی کارەکی و بەو هۆیەشەوە دەرونزانی پەروەردەیی پەیدابووە، کە لقێکی دەرونزانییەو توێژینەوەی زانستی لە فێربوونی مرۆڤدا دەکات .

زانستی زمانی دەروونی * هەوڵدەدات لە دەربڕینەکان و بەرهەمهێنانیان تێبگات، کە پەیوەندی بە کرۆکی ئەم زانستەوە هەیە، کە ( لە حاڵەتی بەرهەمهێناندا چۆن ئاخاوتن یان پەیامێك دەگۆڕێت بۆ سینتاکس و مۆفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی)[33] ، لەگەڵ کاری ئاڵۆزی دەربڕینەکان لە ڕیزکردنی دەنگ و بیستن و درککردن و ڕێکخستنی وشەو وەرگرتنی واتاو تێگەیشتن .. دیاریدەکات، بەمەش زانستی زمانی دەرونی دەیەوێت وەڵامێکی دروستی ئەم پرسیارانە بداتەوە[34] : چۆن مرۆڤ لە ئاخاوتن تێدەگات؟ چۆن بەرهەمیدەهێنێت؟ چۆن ئامێرە دەمارییەکان تەحەکوم دەکەن؟ ئەو گیروگرفتانەی لە وەرگرتنی زمان و تێگەیشتن و بەکارهێنانیدا هەیە چیین؟ هۆی گیروگرفت و نارێکی زمان و هەڵەی زمانی چییە؟ چۆن منداڵ لە زمانێك زیاتر، واتا جوتزمان و فرەزمان بەدەستدێنێت؟ زمانی ئاماژە لە بەکارهێنان و وەرگرتنی و ئەو کێشە زمانی و دەرونی و کۆمەڵایەتییانەی، کە پەیوەندی پێوە هەیە چییە؟. ....

[32] محەمەدی مەحوی، چاوپێکەوتن ( 2015/5/13).

* ئامانجی دەروونزانی بریتییە لە: 1– تێگەیشتن لەوەی کە بزانین چۆن و بۆچی مرۆڤ ئەم ڕەفتارو هەڵسوکەوتانە دەکات، واتا لێکدانەوەی دیاردە دەرونییەکان و چۆنیەتی کارکردن و ڕودانیان. 2– پێشبینیکردنی ڕودان و دوبارەبونەوەی دیاردە دەروونییەکان، کە ئەم ئامانجە سەنگی مەحەك و پێوەرە بۆ ڕاستی و دروستی گریمانەکان.3– کۆنترۆڵکردن و زاڵبونی دیاردە دەروونییەکان و بەکارهێنانیان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی. کەریم شەریف قەرەچەتانی ( 2006: 19–21).

[33] B. Spolsky and F. M. Hult (2008: 42 ).

[34] جاسم علی جاسم ( 509).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زانستی زمانی دەروونی لە بیری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، تا زانیاری لە بارەی بیروبۆچون و هەڵسوکەوتی تاك لەناو کۆمەڵدا دیاریبکات، لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی دەروونی بە دوو ئاڕاستەدا دەڕوات[35]:

1- هەوڵدەدات زمان بەکاربهێنێت بۆ لێکدانەوەی کارلێکە ناوەکییەکان، کە خۆی لە پرۆسەو تیۆرییە زمانیەکاندا دەبینێتەوە.

2- لە کۆت وبەندو ( مەرج )ی سایکۆلۆژیا دەکۆڵێتەوە، کە بەسەر زماندا دەچەسپێت.

2/1–3–1) پەیوەندیی زمان، ئاوەز، ڕەفتار:

ئاوەزی مرۆڤ کۆنترۆڵکەری هەموو کارو چالاکییەکانی مرۆڤە، یەکێك لەو چالاکییانەی کە کۆنترۆڵی دەکات زمانە، پرۆسە ئاوەزییەکانی زمان لە ڕێگەی ئاوەزەوە چالاکدەکرێن، دەرکردەی بیرو بیرکردنەوەو وەرگرتن و تێگەیشتنی مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە وێنەدەکرێت دەردەبڕدرێت، (( بیری مرۆیی لە ڕێگەی هێما زمانییەکانەوە دەنوێنرێت، بە واتا هێما زمانییەکان هەڵگری بیرەکانن، بیر بەوەی چالاکییەکی ئاوەزییەو لە مێشکدا گەڵاڵە دەبێت. مێشکیش کۆئەندامێکی گرنگە لە مرۆڤدا، بەرپرسی هەموو ئەو کارو چالاکییانەیە، کەلەناوەوەی مرۆڤدا دەگوزەرێن))[36] . زانستی زمانی دەروونی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە زمان پەیوەستە بە ئاوەزەوە، ئەمەش پەیوەستی دەکات بە زانستی زمانی دەمارییەوە، ((کە ئاڵوگۆڕی بەردەوام لەنێوان کارکردنی زانستی زمانی دەرونی و زانستی زمانی دەماریدا هەیە ))[37]، بۆئەوەی هۆکارە دەمارییەکان، کە پەیوەستن بە زمان و بیرەوە ڕونبکاتەوەو دواتر کاریگەرییان لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ئاکارو گوفتارو ڕەفتارییانی لێدەکەوێتەوە. (( زمان یەکێکە لە دیاردەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، زانستی زمانی دەرونیش لێکۆڵینەوە لە ڕەفتاری مرۆیی دەکات بەگشتی و لەمەوە زمان و زانستی دەرونی یەکانگیردەبنەوە))[38].

ڕێبازە سایکۆلۆژییەکان پێیانوایە زمان پەیوەندی بە بیرو بیرکردنەوەو زانیاری تاکەوە هەیە، کە لە ئاوەزیدایەو لە ڕەفتارو ئاکاری تاکدا ڕەنگدەداتەوە، گۆڕانی ڕەفتاری تاکیش دەکەوێتە سەر وروژێنەرو بارودۆخی ژینگەیی و ئەو هەلومەرجانەی کاریگەرییان لەسەر ژینگەی تاك هەیە. فێربوون چالاکی یان پرۆسەی وەرگرتنی زانیاری و شارەزایی و بەهاو بیرۆکەیە لە ڕێگەی خوێندن و ڕاهێنانەوە، یان (فێربوون بریتییە لە گۆڕانی تەواوی ڕەفتاری تاك، گەشەکردنی تاك لە ئەنجامی کارلێککردن لەگەڵ ئەوانی تر، تا باشتر لە دەوروبەر تێبگات و ڕەفتاریان لەگەڵ بکات )، بەگشتی فێربوون تاك فێری کۆزانیاری و شارەزایی و بیرۆکەو بەهاو کلتور ... دەکات، ئاستی تاك بەرەو پێشکەوتن و داهێنان دەبات، لە ڕێگەی قوتابخانەو پرۆگرامەکان یان لە ڕێگەی خێزان و دەوروبەرو ئەزمونی ژیانەوە فێردەبێت .

2/1–3–2) بنەماکانی بەیەکداچونی کۆزانیاری زمانیی و بیرکردنەوە:

---

35 ئاڤێستاکەمال محمود ( 2012: 41).

36 شیلان عومەر حسەین (2015).

37 www.grammar.about.com

38 محمد اسماعیل المشهدانی(2005: 12).

پرۆسەی زانیاری پێکدێت لە سیستەمی ئاشکرای بنەماکان( مۆدولی ئاشکرا)، تایبەتمەندی هەر مۆدولێك لە بواری ئەزمونیدا جیاوازە، ئەم مۆدولانە لەناو بنەمای درکپێکردنی ڕاستەقینەی بونەوەردا کارلێکدەکەن، سیستەمی زمانی یەکێکە لە مۆدولەکان[39] ، زمانی ئاماژەیش هەیە، کە بە زمانی جەستە ناوبراوە، ئەو زمانەیە، کە بە ئاماژەی دەست و دەم وچاو بە بێدەنگ و دەربڕین دەگوازرێتەوە، کە ئەمەش پێڕەوێکی تری گەیاندنەو لە گەیاندنی پڕاوپڕی بیرەکان، یان پێچەوانەکردن یان دەربڕینی هەر لایەنێکی دەرونی... دا ڕۆڵدەگێرێت.

بیر کردەیەکی ڕێکخراو یان نارێکخراوە، مێشك بە گوێرەی پرۆسەی ( بیو کیمیائیی) دیاریکراو پێهەڵدەستێت، بە ئامانجی گەیشتن بە ئەنجامێك، جیاوازی بیر لەنێو مرۆڤەکاندا بڕە، نەك جیاوازی جۆریی، بیر بە قۆناغێکی تەمەن یان  بە پیشەیی دیاریکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکە لە تازەگەری و گۆڕانکاری بەردەوامدایەو لەگەڵ گەشەی مرۆڤدا گەشەدەکات[40] ، بیرکردنەوەش ئاستی بەرزی کۆزانیارییە، دیاریکردن و بڕیاردانە لەسەر بابەتێکی دولایەنە، بەمەش، بیرکردنەوە کردەیەکی هۆشەکی ناوەکی مرۆڤە، لە ڕێگەی فێربوون و هاندانی ناوەکی و دەرەکییەوە پەرەپێیدەدرێت، ( بیرکردنەوە یارمەتی تاك دەدات لە دروستکردنی واتاو بەهێزکردن یان گۆڕان بۆ ڕوانینی جیهان، بیروباوەڕ، بەها، هەڵوێست، ڕەفتار)[41] ، زمان و بیر لەیەکتر جیاناکرێنەوە، هەموو جۆرەکانی بیرکردنەوە ( بیرکردنەوەی زانستی، ڕەخنەیی، داهێنەری،...) پێویستی بە زمان هەیە، هەر لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی بیرەکان لە هێماکانەوەو درککردن و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و واتاکانیان بەگشتی، تا سەرلە نوێ ئەو زانیارییە پێشینانەی کە خەزنکراون بە بیردا بێتەوە، هەموو ئەمانە زمان هەم سەرچاوەو هەم ئامرازو کەرەستەی بەرجەستەکردنێتی، کە ( زمان و بیر هاوشێوەی یەکن، دەتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی ناونانەوە جیابکرێنەوە، کە یەکێکیان ناوەکییەو ئەوی تریان دەرەکییە)[42] ، بە واتا زمان ( کە هێما زمانییەکان دەگرێتەوە) ئەو ڕوکەشەیە کە بیرەکانی لە خۆیدا هەڵگرتووە،کە بیر زمانێکی بێدەنگە، لە ڕێگەی هێمازمانییەکانەوە دەردەخرێت، زمان کەرەستەی بە چەمککردن و بە دروستەییکردنی واتایە، بۆ پێکهێنان و بنیاتنان و پەیوەستکردنی زانیارییەکان.

شێوازی بیرکردنەوە لە دوو بەش پێکدێت[43] : 1- شێوازی بیرکردنەوەی ڕوکەش: کە شێوازێکی باوە لەناو زۆربەی تاکەکاندا، لە حاڵەت و هەڵوێستێکدا بەکاردێت، کە داوای قوڵبوونەوەی تێدانکراوە، کە پێویستی بە کۆمەڵێك زانیاری تەواو هەیە، کە یارمەتی بیرکردنەوە دەدات. ئەمە بە نزمترین ئاستی بیرکرنەوەش دانراوە وەك یادخستنەوە، تێگەیشتن لەبابەتێك...  بۆنموونە شێوازی بیرکردنەوەی ورياكردنەوە( الاحترازی) شێوازی بیرکردنەوەی تەقلیدی، شێوازی چارەسەری کێشە. 2- شێوازی بیرکردنەوەی قوڵ: ئەمەیان بە بەرزترین ئاستی بیرکردنەوە دیاریکراوە، کە پرۆسەکانی ( شیکردنەوە، جێبەجێکردن، پێکهێنانەوە، هەڵسەنگاندن) لەخۆدەگرێت، ئەم شێوازە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بیری ئاڵۆز، کە پێویستی بە بیرکردنەوەی قوڵ هەیە لە بابەتێك یان گرفتێك کە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بۆنموونە بیرکردنەوەی کۆزانیاری، بیرکردنەوەی کارەکی، بیرکردنەوەی لۆجیکی، بیرکردنەوەی شیکاری، بیرکردنەوەی داهێنەرانە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ئەمانە بەگشتی دەبێت لە پرۆسەی دانانی پرۆگرامدا بەرجەستەبکرێن .

39. B. Spolsky and F. M. Hult,(2008;40 )

40 نایفة قطامی، نزیه حمدی، یوسف قطامی، تیسیر صبحی، صابر ابو طالب (2008: 167)، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کسثة ابوبكر علی نامەی ماستەر 2011.

41 www ictnz.com/handouts/thinking (2)

42 نایفة قطامی، نزیه حمدی، یوسف قطامی، تیسیر صبحی، صابر ابو طالب (2008: 104).

43 **حاتم جاسم عزیز، مریم خالد مهدی** ( 2015: 96-97).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

زانستی زمانی دەروونی هەوڵدەدات ئەوە ڕونبکاتەوە، کە چۆن مێشك توانای بیرکردنەوەو هێنانە بەرچاوو درککردن و بیرکەوتنەوەو چارەسەری کێشەی هەیە؟ چۆن مێشك توانای کاردانەوەی فێربوونی هەیە؟ کە لە ڕێگەی کرداری بەپرۆسەکردنی زانیارییەوە بەدەستدێت، بیرکردنەوە تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵە پرۆسەیەکی دەرونی وکیمیایی و دەمارزانی و ...،بەمپێیە (( بیرکردنەوە پرۆسەیەکی فسیۆلۆژییە، ئەو کردارانەی کە هەستییان پێدەکرێت، چاك یان خراپ لە مێشکدا لێکدەدرێنەوەو درکیانپێدەکرێت، هەوڵ بۆ چارەسەرکردنییاندەدرێت، لە هەڵوێست و بڕیارو پێداچونەوەدا ئاڕاستەی ڕەفتارو هەڵوێستی تاکی پێدیاریدەکرێت، کە پەیوەندی بە کۆمەڵ و نەریت و ئامانج و دیاریکردنی شت و دیاردەکان و تایبەتمەندی و بابەتەکانەوە هەیە))[44]، کەواتا بیرکردنەوە شیکردنەوەو لێکدانەوەی ڕوداوو دیاردەو هەڵوێستەکانە، لە ئەنجامی هەبونی ئەو کۆزانیاریەی، کە لای تاك هەیەو لە ڕێگەیەوە ڕەفتارو ئامانجی تاك دیاریدەکرێت. بۆ زیاتر برەودان بە بیرکردنەوەو کارامەیی پێویستە ئەم ڕێگایانە بگیرێتەبەر وەك بنەڕەتێك بۆ بیرکردنەوە،بریتیین لە[45] : 1– سەرنجدان 2– هێنانەوەیاد 3– بەهێماکردن 4– دانانی ئامانجەکان 5– پرسیارکردن 6– پۆلێنکردن 7– بەراوردکردن 8– کورتکردنەوە 9– هەڵهێنجاندن 10– پراکتیزەکردن 11– پێشبینیکردن 12– گریمانەکردن 13– شیتەڵکردنی پێکهاتە.

مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەکانەوە یان لەڕێگەی ئەو زانیارییانەی، کە وەریاندەگرێت پرۆسەی بیرکردنەوە دێنێتەئاراوە، ئەمەش پاش ئەوەی کە لە ڕێگەی بەپرۆسەکردنەوە زانیارییەکان لە یادگەی کورت خایانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ یادگەی درێژخایان، بۆئەوەی مرۆڤ بتوانێت بیر لە زانیارییەکان بکاتەوەو لەکاتی بیرکردنەوەدا بەدەستیبهێنێتەوە، لێکدانەوەو شیکردنەوەی بۆ بکات و بگاتە ئەنجامێکی دروست و بڕیار لە بارەیەوە بدات، بۆنموونە لە پرۆگرامی قۆناغی یەکەمی (2014)دا فێرکردنی پیتەکان سەرەتا بە سەرنجدان و وتنەوەی دێت ( ببینەو بڵێ) دواتر بە هێماکردنی ئەو وێنانە کە ئەو دەنگەی تێدایە، منداڵ دەجوڵێنێت، ڕێگە بۆ جیاکردنەوەی پیتەکە خۆشدەکات، کە ئەمەش ئامانجی فێربوونی دەنگ و پیتە، دواتر هێماکردن و بیرخستنەوە پاشان پراکتیزەکردن و کارەکی و جێبەجێکردن و شیتەڵکردنی پێکهاتەکە دێت، ئەمەش بە هۆی بوونی چەند ڕێگایەك بۆ درککردن و فێربوون و دووبارەکردنەوەو بیرکەوتنەوەی کاریگەری لەسەر خەزنکردنی دەنگ و پیتەکە دەبێت. باشترین ڕێگاش بۆ چالاککردنی یادگە، بریتییە لە[46]: 1– چڕکردنەوەی سەرنج لەسەر بابەتی خوێندن 2– خوێندنەوەی زیاتری زانیاری بۆ زیاتر هێشتنەوەی لە یادگەدا3– ڕێکخستن و داڕشتنی دروستەی بابەت بۆ خوێندن 4– بەکارهێنانی ئامرازی بیرکەوتنەوە بۆ باشتر هێنانەوەی کۆزانیاری، وەك دیاریکردنی وشە یان نیشانە یان هەر شتێکی تر بۆ بیرهاتنەوە 5– دووبارەکردنەوەی کۆزانیاری 6– پەیوەستکردنی کۆزانیاری بە شتێکی ئاشناوە 7– پێدانی کۆزانیاری گرنگ بۆ ئاسانکردنی کۆزانیاری گران 8– گۆڕینی کاتەکانی خوێندن.

بیرکردنەوە دوو ئەرکی گرنگ و سەرەکی هەیە، ئەوانیش[47]: 1– داڕشتنی واتا: بریتییە لە هەمو بیرێکی گشتی، کە واتا بە شتێك دەدات، کە هاوبەشە لەگەڵ تایبەتمەندی دیاریکراوی گرنگ و هاوشێوە، کە دەکرێت واتا لە ئەنجامی درککردنی هەستی و شارەزایی ڕاستەخۆ، یان بەکارهێنانی توانای جیابونەوەو پشتبەستن بە گشتاندن دابڕێژرێت. 2– هەڵهێنجاندنی واتا: جۆرێکە لە دانپێدانانی پەیوەندی نێوان دوو ڕوداو یان دیاردە یان چەمك، کە یەکێکیان زانراوو ئەویتریان نەزانراوە، یاخود هەڵهێنجاندنی

---

44 حاتم جاسم عزيز، مريم خالد مهدى (2015: 90-91).

45 کەریم شەریف قەرەچەتانی (2006:262).

46 Understanding your learning styles(2008:14-17).

47 حاتم جاسم عزيز، مريم خالد مهدى (2015: 93–94).

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص: 1-29

پەیوەندی نەزانراو لە دوو دیاردە، یان چەمك یان ... زانراوە، ئەم گفتوگۆیە پشت بە سروشتی وەك کرداری هۆشی دەبەستێت، کە دو جۆرە: ا– هەڵهێنجاندنی ڕاستەخۆ ب– هەڵهێنجاندنی ناڕاستەوخۆ.

کەرەستەکانی بیرکردنەوە، بریتین لەو ئامێرو هۆکارانەی، کە یارمەتیدەرە لە بەکارهێنانی چالاکانەو پێڕەوبەندانەی مێشك، بۆ مەبەستی بە پێڕەوبەندکردنی ڕێکخستنی بیرەکان، تا ڕونو ئاسان بێت و تێگەیشتن فەراهەمبهێنێت، تاك مەبەستەکانی تێگەیشتن، داهێنانکاری، چارەسەری گرفت، بڕیاردانی دروست، پلاندانان، پێشبینیکردن، حوکمدان لەسەر شتەکان، سەلماندنی خود .. بەدیبهێنێت، لە ڕێگەی[48]: 1– پرسیار( جۆرەکانی پرسیار بریتین لە ( Ws5 چی، کێ، کەی، بۆ، لە کوێ )H1 ,(چۆن) دەگرێتە.

2 – چەمك -3[*]هێڵکاری هۆشەکی -4[**]لێکۆڵینەوەی ئاوەزی لە کەرەستەکانی بیرکردنەوەی ,CoRTڕاستیەکان پەرەیانپێدەدرێن.

مرۆڤ بەردەوام لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە کارەکانی ژیانی ڕادەپەڕێنێت، هەر بۆیە هەمیشەییەو لەگەڵ بەردەوامی مرۆڤدا بونی هەیە، هەرچەندە بەپێی تەمەن گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەو ئاستی هۆشیاری تاکدا دێت، هەربۆیە بیرکردنەوە یەك جۆر/ شێوە لەخۆناگرێت و بەپێی تەمەن و لێهاتویی و شارەزایی و کۆزانیاری تاك گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەدا دێت، ئەم گۆڕانەش کار لە ڕەفتارو هەڵسوکەوت و شێوازی ئاخاوتن و تێگەیشتنی تاکدا دەکات، بیرکردنەوە لە ئەنجامی لێهاتویی و ڕاهێنان و فێرکردن و کارەکیکردن گەشەدەکات و پەی بە ڕوداوو دیاردەو هەڵوێستەکان دەبات، کە لە ژیاندا ڕوبەڕوی دەبێتەوە، بۆنموونە ئەگەر دوو بابەت لە پرۆگرامی خوێندن لە دوو قۆناغی جیادا وەربگرین، کە هەر یەك بەهاو کۆزانیاریی دەگەیەنێت، بەڵام بەپێی گەشەکردنی تەمەنی منداڵ، کۆزانیاری و بەها ڕەوشتییەکە بە شێوازی جیاواز باسیلێوەکراوە، وەك لە قۆناغی دوەمدا بابەتێك بە ناوی ڕاستگۆیی هاتووە، کە بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕون و سادە، کە لەگەڵ قۆناغی گەشەکردن و بیرو ئاوەزی منداڵدا بگونجێت داڕێژراوەو ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕونکراوەتەوە ( هەر چەندە لەناو داڕشتنەکەدا دەربڕاوی خوازەیی هەیە، کە نەدەبوایە دابنرێت، وەك بەکارهێنانی ڕستەی ( ڕاستبەو بە ڕێگای شێرا برۆ.) بۆ ئەم قۆناغە گونجاو نییە.)، لە قۆناغی سێیەمدا بە هۆی گەشەو گۆڕان لە بیرکردنەوەی منداڵداو درککردنی بۆ دیاردەو ڕوداوەکان دەگۆڕێت، بۆیە دەبینین ناونیشانی ( ڕاستگۆیی) بە ناونیشانی ( ئەنجامی درۆکردن) هاتووەو ناوەڕۆکی بابەتەکەش گێڕانەوەی ڕوداوێکە، کە قوتابی خۆی هەڵهێنجان بۆ ڕوداوەکە دەکات و مەبەست و ئامانجەکە لێکدەداتەوە .

لێهاتویی و شارەزایی تاك پێویستی بە توانای وەرگرتن و فێربوون و بارودۆخی گونجاوو ڕێگاکان و ڕێبازەکانی فێربوون و فێرکردن دەبێت و کردەی بیرکردنەوەو بیرۆکەی بەرهەمدار دەبێت، تا کاریگەری کردەی بیرکردنەوەو وەرگرتن زیاتربێت، ئاڕاستەکردنی پەروەردەو فێربوون ڕوونتردەبێت و ئاسانترو ئاشکراتر دەتوانرێت پارێزگاری لە کۆزانیاری و شارەزاییەکان بکرێت.

---

48 شیلان عومەر حسەین (2012).

* چەمك: بەرئەنجامی تێگەیشتنە لە بابەتێك، دیدگەیەکی ئاوەزی گشتیەو پەیوەستە بە هەبووەکانە، یان بیرە گشتیەکانە، کە بۆ دیاریکردنو ڕێکخستنی ئەزمونەکان بەکاریاندەهێنین، وشەکان یەکە پێکهێنەرەکانی زمانن، چەمکەکانیش یەکە پێکهێنەرەکانی بیرن، شیلان عومەر حسەین(2015: 10).

** هێڵکاری هۆشەکی: دەتوانین وەك نواندێکی بینراوی ئەو ڕێگایانەی، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت چەمکەکان پێکەوە پەیوەستبکرێن، بناسێنین، کە بەسودە بۆ: ا– تێبینیکردن(گوێگرتن). ب– نواندنی زارەکی(ئاخاوتن). پ–نوسین. ت– گەڕانەوەی کات. ج– تێگەیشتنی باشتر. چ– زیادکردنی توانای وەبەرهێنان. شیلان عومەر حسەین (2015: 5).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو فێربوون پێکەوەبەستراوە، کە لەلایەك فێربوون بیرکردنەوە بەهێزدەکات، لەلایەکی تر بیرکردنەوە فێربوون بەهێزدەکات، چونکە ئەگەر مرۆۋ زانیاری وەرنەگرێت و فێرنەبێت، ناتوانێت بە دروستی بیربکاتەوەو بڕیاری گونجاو بدات، بە هەمان شێوەش ئەگەر بیرنەکاتەوەو ئەو شتانەی، کە دەیبینێت و دەیبیستێت لێینەکۆڵێتەوەو شینەکاتەوەو درك بە زانیارییەکان نەکات، ناتوانێت فێربێت و زانیاری وەربگرێت، بیرکردنەوە کاریگەری لەسەر فێربوون هەیە، لەبەرئەوە بیرکردنەوەو فێربوون یەکتر تەواودەکەن. هەر بۆیە هاندانی بیرکردنەوە هۆکارە بۆ (( شارەزایی زانیاری فەرهەنگی، ڕونکردنەوە، گرفت، دوپاتکردنەوە، وروژاندن، تێبینی، پرسیار، هەڵبژاردە. مامۆستا لە ڕێگەی هاندانەوە بابەتەکە دەوروژێنێت و کار لە بیرکردنەوەو بیروباوەڕو بەهاو هەڵوێست و هەڵسوکەوتی قوتابی بەهێزدەکات ))[49]، لەمەوە ئەرکی کرۆکی فێربوون و پەروەردە وروژاندن و بەگەڕخستن و ئاڕاستەکردنی بیرەو بەمەش دەتوانین تاکی ژیرو داهێنەرو وریا پەروەردەبکەین.

4-2/1)بنەمای زانستی زمانیی- زمانیی:

زانستی زمان لە تیۆری و پەسنکردن پێکدێت، پەسنکردن بەشەکانی فۆنۆلۆجی و مۆفۆلۆجی و سینتاکس دەگرێتەوە، هەوڵدەدات لە بارەی کارەکانی زمانەوە بدوێت، کە چۆن قسەکەر واتا وەردەگرێت و وەسفیان دەکات، چۆن پەیوەندی نێوان واتاو وشەکان دەبەستێت بەیەکەوەو لێکۆڵینەوە لەبارەیانەوە دەکات، تیشکدەخاتە سەر دروستە، وەرگرتن، بەکارهێنان، گۆڕان بەگشتی[50].

زانستی زمان لە پەروەردەدا هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان زمان و پەروەردە ڕونبکاتەوە، کۆششدەکات کە وەڵامی پرسیاری، بۆچی پەروەردە پێویستی بە زانستی زمانە؟بداتەوە. (( پرۆسەی زانستی زمان کارێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو کردارێکی مەبەستداریی وردە، کە لەسەر بنەمای زمانەوانی ئاشکراو ڕون بنیاتنراوە، کە کۆمەڵێك چەمك و بنەماو ڕاستی کۆیکردونەتەوە، ناوەڕۆکی پرۆگرام بەپێی بنەمای زمانەوانی لەسەر چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیۆری زمانەوانی یان کارەکی دروستبوە، بۆنموونە چەمکی زمان، ئەرکی زمان، تایبەتمەندی زمان، ...تاد ))[51]، کە تایبەتمەندی زمان دەتوانرێت بۆ بنیاتنانی پرۆگرامی خوێندن سودی لێوەربگیرێت، کە بریتین لە[52]:

1- زمان دیاردەیەکی مرۆییە. 2- زمان دەنگە . 3- زمان ڕەمزە. 4- زمان پێڕەوە. 5- زمان بۆ پەیوەندیکردنە.6- زمان کلتورە.

1-4-2/1) ئەرکی زمان:

---

49. www ictnz.com/handouts/thinking(4).

50 بڕوانە B. Spolsky and F. M. Hult,(2008: 53).

51 نصرالدين ادريس جوهر.

52 بڕوانە محمد معروف فتاح ( 1990: 6-8).

**ئەركی سەرەكی زمان پەیوەندیكردنە، زمان هۆكاری ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەكان و لەیەكگەیشتن و ئاخاوتنە، كە ئەم ئاخاوتن و پەیوەندییانە لەنێوان تاكەكاندا چەندین ئەرك لە ڕێگەی زمانەوە پیشاندەدەن، بۆیە ئەركەكانی زمان بۆ چەند جۆرێك دابەشدەكرێن، كە بریتیین لە[53]:**

**1-ئەركی هۆكاری/ئامێریی: زمان دەربڕی پێویستی و داواكاریی و خولیای مرۆڤە، كە بە ئەركی (من ئەوەم دەوێت ناسراوە).**

**2-ئەركی ڕێكخەری: بەهۆی زمانەوە دەتوانین ڕێژیی(كۆنترۆڵ) ڕەفتارو هەڵسوكەوتی ئەوانی تر بكەین، بە ئەركی (ئەوە بكە، بڕۆ..) دانراوە، واتا زمان كردەشە، وەك كردەیی قسەیی( دادگا بڕیاری دا تاوانبارەكە لە سێدارە بدرێت، پەیمانپێدان..).**

**3-ئەركی كارلێكەری: لێرەدا زمان وەك كرۆكی كارلێكی كۆمەڵایەتی ڕۆڵدەبینێت و بە ئەركی (ئەركی من، ئەرك تۆ) دیاریكراوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت بە تەنیا بژیت و ئەم ڕێككاریە بەهۆی زمانەوە دەكرێت، زمان ڕەگەزێكی سەرەكی پرۆسەی تێكەڵاوبوون و كارلێكی كۆمەڵایەتییەو بە پێچەوانەشەوە، ئەمەیش بەهۆی ڕەوشتە كۆمەڵایەتییەكانەوەیە، وەك (سڵاوكردن، ڕێزنواندن، ڕوخسەتوەرگرتن...تاد).**

**4-ئەركی كەسیی: مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، جگە لە دەربڕینی هەست و بیرو خولیاو حەزو خەم...تاد، دەتوانێت كەسێتی و ناسنامەو تێفكرین و...دەربڕێت، بۆنموونە لە پرۆگرامی خوێندندا بابەتەكانی وەك ( ئەنجامی درۆكردن، دەستپاكی، ئەنجامی لەخۆبایی بون، لە قۆناغی سێیەمدا) ئەم ئەركە پیشاندەدات.**

**5-ئەركی دۆزینەوەیی: مرۆڤ بەهۆی بەكارهێنانی زمانەوە دەتوانێت لە ژینگەو دەوروبەرو ژیان و..تاد، تێبگات و زانیاری دەستبخات، وەك لە پرۆگرامی قۆناغی دوەمدا بابەتەكانی ( گفتوگۆی گەنم و جۆ، ئەم مرۆڤانە كاردەكەن، زستانی كوردستان) ئەم ئەركە دەگرێتەوە.**

**6-ئەركی ئەندێشەگەریی: هۆكارێكە دەتوانین بەهۆیەوە لە جەنجاڵی ژیان و بێئومێدی و چەرمەسەریی و تەنگژەكانی واقیع پەنای بۆ بەرین و لێیدەربازبین، یان حاڵەتی هەڵچون كە بەهۆی چەند دەربڕاوو وشەیەكەوەو كاریگەریەكانی دەتوانین بچینەوە دۆخی جارانمان، لە پرۆگرامی قۆناغی سێیەمدا لە بابەتی (دراوسێی باش)دا ئەم ئەركە دەبینرێت.**

**7-ئەركی هێمایی: ئەمە زۆر گرنگە بۆ تۆماركردن و پاراستن وگەیاندنی دین و ئەدەب وكلتورو نەریت و بەهاو میرات، كە بە زارەكی بنیاتیدەنێن و لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر بە هێمادانان، كە نوسینە دەیپارێزین، بەگشتی ئەركی پرۆگرامی خوێندن دەرخستنی بەها و نەریت و كلتورو ... ە.**

**8-ئەركی ڕاگەیاندنی (بە ئەركی ئاڕاستەكاری و كاریگەری و بڕوادروستكردن ناسراوە): واتا تەنها گەیاندن و تاوتوێكردنی زانیاری لەنێوان تاكەكان و نەوەكاندا لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە گەیاندنێتی بە جیهانی دەرەوە ناگرێتەوە، بەڵكو یەكەكانی زمان بڕواو متمانە.. دروستدەكەن، بۆنموونە لە پرۆگرامی قۆناغی دوەمدا بابەتەكانی ( منداڵی ژیر، جوانكاری شارو گەڕەك)و لە قۆناغی سێیەمدا بابەتی ( شێوازی ئاخاوتن)دا دەبینرێت.**

53 **شیلان عومەر حسەین** ( 2014: 86-87)، **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د. یوسف جمعە، سایكۆلۆجیە اللغە** والمرض **العقلی** ( 1990: 22-23).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:1-29

-9ئەرکی ڕازیکردن / ڕەزامەندی وەرگرتن: کە ئاڕاستەکاری و بڕوادروستکردن و ڕێنوێنیکردنی وەرگرە، ئەم ئەرکە زۆر گرنگە بۆ دروستکردنی ڕای گشتی و پەیوەندیگرتنی جەماوەری و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵایەتی لە ڕێی زمانەوە، وەك لە بابەتەکانی ( شێر و مشك، پەشیمانی)دا دەردەکەوێت.

2/1–4–2) زمان بەکارهێنان لە پەروەردەدا:

هێما زمانییەکان لە چەند ئاستێك پێکهاتوون، کە بریتین لە فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و سینتاکس و سیمانتیك، کە ((هێمازمانییەکان بەشە پێکهێنەرەکانی دروستە دەربڕین و دروستە ناوەڕۆکییەکان بەدەستەوەدەدەن ))[54]، گرنگە پرۆگرامی خوێندن بایەخ بە هەموو ئاستەکانی بدات و بۆ پێڕەوکردنی یاساو ڕێساکانی فۆنۆلۆجی و مۆفۆلۆجی و سینتاکسیی لە دانانی هێما زمانییەکاندا تەواو پراوپڕبن و بەرجەستەبکرێن، (( گرنگە وشەکان لە ڕوی ناوەڕۆکەوە لەگەڵ دنیای منداڵدا بگونجێت، لە ڕوی زمان و ڕێزمانەوە دابەشبونی بەشەکانی ڕێزمان لەگەڵ قۆناغەکانی خوێندندا بگونجێت، لێرەدا ناوەڕۆك و زمان تەحەکوم بەسەر هەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو بابەتانەوە دەکەن، قۆناغی یەکەم وشەی سادەن و دواتر ڕستەی کورت و سادە، لە قۆناغی دوەمدا ڕستەی کورت و دەقی کورت و ڕستەی درێژو دەقی کورت لە شێوەی پەڕەگرافی کورتدا، بەرەبەرە لە قۆناغی دواتردا لە چڕی و ئاڵۆزیدا درێژتر دەبێت))[55].

گرنگترین بابەت لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ڕیزبەندکردنی پیتەکانە، کەلە پرۆگرامی خوێندندا ڕەچاونەکراوەو دانەنراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەپرۆگرامی خوێندنی زمانی کوردیدا بایەخ بە یاسا زمانییەکان نەدراوە، بۆنموونە لە ئاستی فۆنەتیکیدا (( ئەو دەنگانەی کە دەکەونە کۆتایی وشەوە کەمتر دەردەبردرێن یان دەرنابڕدرێن یان دەنگەکەی دەگۆڕێت، کە پێیان دەوترێت بێلایەنبوون( ئارخێفۆنیمی)، کە ئەمانە بۆنموونەی دەنگی هێنراونەتەوە، وەك (زەرد)، کە زیاتر وەك ( زەرت) دەردەبڕێت، (گورگ بە گورك) دەردەبڕێت. ))[56]، بە هۆی نزیکی سازگەی دەنگی /ك،گ/ و / د،ت/ەوە دروستدەبێت، ئەمەش گرفت بۆ فێربوونی دەنگ دروستدەکات و توانای منداڵ بۆ دەرککردنی پیتەکە کەمتر دەبێت ( بەتایبەت کە ئەم وشەیە لە یەکەم فێربوونی پیت بۆ منداڵ دانراوە، وا دەکات هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی فێربوونەوە ناڕەحەتی و گرانی بۆ قوتابی دروستبکات.).لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا بە هەمانشێوە زۆر گرنگی و بایەخ بە یاسا مۆفۆلۆژییەکان نەدراوە، بۆنموونە لە یاسای زمانی کوردیدا پیتی (ر) لەسەرەتای وشەوە نایەت، بەڵام زۆر لەو وشانەی کە بە پیتی (ڕ) دەستپێدەکەن بە پیتی (ر) نوسراوەو بایەخ بەو یاسا زمانییە نەدراوە.

لە ئاستی سینتاکسی پەیڕەوکردنی یاسا سینتاکسییەکان و پەیوەندی نێوان هێماکان جێگیردەکات و دەیانچەسپێنێت، کە لە پرۆگرامی خوێندندا سەرەتا بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ وشەو دەستەواژەو ڕستەکان لە سادەوە بۆ لێکدراو و ئاڵۆز بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و گەشەی منداڵ بە قوتابی ئاشنا دەکرێت و فێردەبێت تا لە قۆناغەکانی دواتردا بتوانێت درکیپێبکات و وەك نامۆیەك نەبێت بۆی. خوێندنی ڕێزمان بۆ ناساندنی بەهاکان و کارەکیکردنیانە، لەم ڕێگەیەشەوە قوتابی دەتوانێت خوێندنەوەی تەواوبێت و ڕستە ئاڵۆزو لێکدراوەکان ڕاستبکاتەوەو تێیانبگات.

54 محەمەد عبدولفتاح حەمەسعید (2009: 72).
55 محەمەد عبدولفتاح حەمەسعید چاوپێکەوتن( 2015/5/13).
56 ئاڤێستا کەمال مەحموود، چاوپێکەوتن ( 2015\5\16).

گرنگە جیاوازی لە هەشت مۆدی چالاکی مرۆیی، کە زمان لە پرۆگرامی خوێندندا لەخۆیدەگرێت بکرێت[57]:

1- گوێگرتن: تێگەیشتن و هەڵهێنجاندن لە دەرکردە زارەکییەکان، لە رێگەی خوێندنەوەو لێدانی ڤیدیۆ کە دەنگەکان بخوێنێتەوە.

2- ئاخاوتن/قسەکردن: بنیاتنانی دەربڕدراوو دەرکردەی واتادار، وەك گفتوگۆکردن و ئاخاوتن لەسەر بابەت و وشەو دەق و وێنەکان.

3- خوێندنەوە: تێگەیشتن لە دەقی نوسراو، لە رێگەی خوێندنەوەی دەق و چیرۆك.

4- نووسین: بەرهەمهێنانی دەقی/ئاخاوتنی/نووسراو، نوسینی پیت و هێماو پیشاندانیان.

5- نمایشکردن: ئامادەبوونی هێما بینراوەکان/زانیاری، پیشاندانی هێماکان و دەرخستنیان.

6- پێکهێنان: بەکارهێنانی مەبەستی بینراوی دەربڕین، رێکخستنی هێماکان بەشێوەی یاری هێڵکاری.

7- بینین: ئامادەیی بزواو و جوڵاوی، پیشاندانی ڤیدیۆ.

8- بزواوی: بەکارهێنانی هەموو جەستە، زمانی جەستە، لاساییکردنەوەو چالاکی.

لەمەوە لێهاتویی زمانەوانی بە لێهاتووییەکی تێکچڕژاو دیاریکراوە، لەبەرئەوە بەم شێوەیە راڤە کراوە:

1-تێگەیشتنی زارەکی. 2- بە پاراوی و رەوانی بەرهەمهێنانی وشەکان. 3- بە رەهایی پەیوەستکردنی وشەکان و دروستکردنی پەیوەندی. 4- درککردن بە چۆنیەتی پەیوەستکردنی وشەو هێماکان. 5- هەڵهێنجاندنی زارەکی وەك چیرۆك گێڕانەوە. 6- رێزمان و دەنگ دەرکردن، منداڵ توانای دۆزینەوەی هەڵە رێزمانی و چۆنیەتی سازکردنی و دەرکردنی دەنگەکانی هەیە .

توانست و زمانی بابەت لە زمانی فێربوون جیاوازە، بۆیە گرنگە جیاکاری لەنێوان سێ بەکارهێنانی زماندا بکەین، کە سێ چەشنە پەیوەندیگرتنی زۆر پتەو و پەیوەستن پێکەوە : 1- خودی زمان وەك بابەت. 2- زمان وەك چالاکی فێربوونی بابەتێك ( لە پۆلدا) . 3- زمان بۆ بەشداریکردن و جێبەجێکردنە. زمانی بابەتیش پێکدێت لە[58]:

1. ئاستی وشە ( زاراوەی بابەت-دیاریکردن، دەربڕین).

2. ناواخنی سیمانتیکی/سینتاکس یان بەدەقبوون.

3. دروستە: پەیوەستکردنی بیرەکان بە رستەکانەوە ( لکێنەری لۆجیکی).

4. تێگەیشتنی زارەکی: وەرگرتنی دەقە بینراوەکان ( زارەکییەکان).

5. هەڵهێنجاندن/بەرهەمهێنانی زانیاری لە دەقە نازارەکییەکانەوە.

---

[57] H.J.Vollmer ( 2003: 183)

[58] هەمان سەرچاوە (2007: 30).


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

6. ئاوێتەكردنی دەقەكان+ وێنە نازارەكییەكان.

7. ئاخاوتن (بابەت): بۆنەكان بۆ فراوانكردنی ئاخاوتن.

8. نووسین: جیاوازی، چوارچێوە، جۆری دەق/ژانەری، دەق ناونیشانەكان.

لەمانەوە دەبێت بە گرنگی و بەبایەخەوە، لەهەمان كاتدا زۆر هەستیارانە مامەڵە لەگەڵ بەكارهێنانی زماندا بكرێت لە ناوەندی پەروەردەدا.

(( لێكۆڵینەوە لە ئاكاری زمانەوانی تاك و بە تایبەت پێش چوونە قوتابخانە ئەركی سەرەكی زمانەوان و پەروەرشیارانە، لەبەرئەوەی لەم كاتانەدا گرنگترین قۆناغەكانی گەشەسەندنی ژیان بەرێوەدەچێت و دەتوانین تیایانداو بەهۆیانەوە بنەماكەسییەكانی تاك بۆ داهاتوو بچێنین، ئەم قۆناغانە بە ترسناكترین و مەترسیدارترین قۆناغی تەمەنی مرۆڤ دانراوە، لەبەرئەوەی بە قۆناغی بنیاتنان دیاریكراون، كە تیایدا پاڵپشتە كەسییەكان ڕونن و سیفاتە ڕەفتارییەكان دەنەخشێنرێن و گەشەی لایەنی عەقڵی و زمانی و هەڵچوونییەكان فرەیی دەبن. لەبەرئەوە ئەم قۆناغە بە قۆناغی زێرین ناسێنراوەو بوارێكی گرنگە بۆ چاندنی پرۆسەی فێربوون و ڕێرەوی فێركاری دیاریدەكرێت، بە قۆناغی وەرگرتن دانراوەو واقیعێك دەنوێنێت، كە كاریگەری لەسەر بەرهەمی زمانەوانی لە قۆناغەكانی سەرەتای فێربووندا هەیە، بەوەی كە منداڵ گرنگترین لێهاتویی و ژیری و كۆزانیارییەكان وەردەگرێت. ))[59]، كەواتا پرۆسەی وەرگرتنی كۆزانیاری و لەوانیشەوە دیاریكردنی بیرەكان، خودی پرۆسەی فێربوون پێكدەهێنێت.

3-4-2/1) زمانی ستاندارد

زمان سێ جۆری سەرەكی هەیە، كە بریتین لە ( زمانی ستاندارد، دیالێكت، زاری كۆمەڵایەتی (زمان بەپێی دەوروبەر)). زمانی نەتەوە یان زمانی ستاندارد بناغەی زمانە لە هەر نەتەوەیەكداو بریتییە لە زمانی فەرمی هەر وڵاتێك، كە گرنگی تەواوی بۆ نەتەوە هەیەو دەبێتە بنەمای زمانی خوێندن و یاساو كتێب و ئەدەب و كلتورو دامودەزگاكانی وڵات و ڕاگەیاندنەكان، لە قوتابخانەو زانكۆو دەزگاكان و پەرلەمان و هەواڵی تەلەفیزیۆن و ڕادیۆكان و شوێنە فەرمییەكاندا بەكاردێت، واتا زمانێكی نموونەییەو ( لەڕوی ئاخاوتن و نوسین)ەوە بەكاردەهێنرێت، كە لە هەلومەرجێكی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری دیاریكراودا بەدیدێت و پەیڕەودەكرێت و هۆكارە بۆ كۆكردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵ .

بەڵام دیالێكت بریتییە لە شێوەزار كە بەشێك لە تاكەكانی نەتەوە بەكاریدەهێنن، كە بەهۆی بارودۆخی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ژینگەیی/جوگرافییەوە دروستبووە، دیالێكت نافەرمییە لە گفتوگۆی نێوان خێزان و هاوڕێ و هاوكارو پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەناوچەیەكی دیاریكراودا بەكاردێت، دیالێكت ئاماژە بە جیاوازی زمان لەڕوی فۆنیم و دەربڕین و فۆرم و واتاوە دەكات، بەڵام لەڕوی ڕێزمانییەوە هاوشێوەی ڕێزمانی زمانی ستانداردەكەیە هەرچەند هەندێك جیاوازی لەڕوی مۆرفۆلۆژییەوە دەبینرێت، ئەمەش تایبەتمەندی بەكاربەر/ئاخێوەری ئەو دیالێكتە پیشاندەدات، بەواتا ڕێگای جیاوازی وتنی هەمان شتە، كە لە پەیوەندیی كۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە، زمانی كوردی چەند دیالێكتی جیاوازی تێدایەو شێوازی قسەكردنی جیاواز لەنێوان تاكەكاندا دروستكردوە، بەڵام هەریەك لە دیالێكتە جیاوازەكان لەگەڵ بونی جیاوازی لە شێوازی دەربڕیندا یەك بنەماو یەك یاسای گشتی

[59] حفیظة تازوتی، لغة الطفل بین المحیط و المدرسة.

ص:1-29 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

سینتاکسییان هەیە، کە زمانی نەتەوە پێکدەهێنن، بۆنموونە لەم ڕستانەدا لەگەڵ بونی دەنگی جیاواز لە دەربڕین و لێکسیکی جیاواز، بەڵام یەك یاسای گشتی سینتاکسی پەیڕەوکراوە، کە بریتییە لە یاسای ﴿بکەر– بەرکار– کردار:]

1 -من ئاوم خواردەوە.

2 -من ئاڤ ڤەخوار.

زاری کۆمەڵایەتی (دەوروبەر) یش بریتییە لە بەکارهێنانی جیاوازی شێوازی ئاخاوتن، کە زمان بەپێی پلەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزو تەمەن و بارودۆخ و دەوروبەر لە پەیوەندیکردندا دەگۆڕێت.

دەکرێت لە ڕێگەی کاریگەری سیاسییەوە کۆمەڵ بەرەو بەکارهێنانێکی زمانی و پەیڕەوکردنی بدرێت ( سەپاندنی زمانی ستانداردا لەناو کۆمەڵ و دامەزراوەکاندا)،کە بناغەی دەستپێکردن و دانانی پرۆگرامی خوێندن دیاریکردنی زمانی ستانداردە، کە هۆکارە بۆ پەلهاویشتنی ئایدۆلۆژی زمان ( ئایدۆلۆژیا ئەو بیروباوەڕەیە کە لەناو ناخی تاکەکاندا دروستدەبێت، لە ڕەفتارو دەربڕینییاندا دەردەکەوێت)، ئەم باوەڕەش بەهۆی کاریگەری بواری سیاسی، نەتەوەیی، کلتوری، کۆمەڵەوە دروستدەبێت، کار لە مرۆڤ و بیرکردنەوەیان دەکات، هۆکارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە بەکارهێنانی زمانی تاك یان کۆمەڵدا زۆرجار ڕاستەخۆ تێبینیدەکرێت، ((سیستەمەکانی بیروباوەڕ، هەڵوێستی زمان، بڕیار، لەدوایدا ڕەفتار دیاریدەکات.))[60] ، بۆیە دەکرێت بوترێت هەموو بەکارهێنانە زمانییەکان بونی هەڵبژاردەو هەڵسەنگاندنی بیرێکی ئایدۆلۆژییە لە تاکدا، کە لە فۆڕمە زمانییەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

زمانی ستاندارد پێویستە لە پرۆگرامی خوێندندا بەکاربهێنرێت و پەیڕەوبکرێت، بنەمای سەرەکی و بنەڕەتیشە، زمانی ستاندارد ڕایەڵەی پێکبەستنی تاکەکانی کۆمەڵەو کۆکەرەوەو جەمکەرەوەی هەموو زارو شێوەزارو وەچەزارەکانە، ئەگەر نا، ئەوە پاشاگەردانی لە زمانی پەروەردەدا دروستدەبێت و لە ئاکامیشدا لێکترازاندن و لێکپچڕاندن و پەرتەوازەبوونی تاکەکانی لێدەکەوێتەوە[*] ، بۆیە پێویستە لە پرۆسەی پەروەردەدا زمانی ستاندارد بەکاربهێنرێت، تا یارمەتی قوتابییان بدات و لەم ڕێگایەوە پەرە بە لێهاتویی زمانی ستانداردو خوێندنەوەو نووسین و هەموو لایەنەکان بدرێت، چونکە ((فێرکردن و خوێندن بە زمانی ستاندارد، بە واتا پەرەدان بە جۆرێتی پەروەردەیی و بەرهەمهێنان. ))[61]. لێرەشەوە بە بەکارهێنانی زمانی دایك دەتوانین 1– فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە بین. 2– چۆن پەیوەندیبگرین. 3– وەرگرتنی ڕێزمانی زمانەکە بە دروستی. چونکە تاك بە چ زمانێك بخوێنێت هەر بەو زمانەش بیردەکاتەوە.

---

.[60] B. Spolsky and F. M. Hult (2008: 98)

[*] لە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر دوو گروپ کرا، کە گروپێکیان بابەتەکان بە زمانی ستاندارد دەخوێندراو گروپەکەی تر بە زمانی ناوچەی بابەتەکانیان دەخوێند، دواتر بۆیان دەرکەوت، کە ئەو مندالأنەی بە زمانی ستاندارد خوێندویانە بابەتەکانیان زیاتر وەرگرتوەو کاردانەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەبوەو بە زمانەکە کاریگەربون، لەو مندالأنەی کە بە زمانی ناوچەی خوێندویانە.
هدسن، و. محمود عبدالغني عياد ( 1987: 324)
.[61] C.Benson ( 2004: 5)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

بەکارهێنانی شێوازی گەیاندنی بابەت بە دەربڕینی زارەکی گرنگی زوتر تێگەیشتن و بیرجولاندنی قوتابیی تێدایە، ((قوتابییان پێویستە لەسەرەتادا زمانی ناو پۆل تێبگەن، لە پێش تێگەیشتن لەناوەڕۆکی وانەکە))[62] ،کە وادەکات، قوتابی زیاتر بیربکاتەوەو هەوڵبدات بۆ فێربوونی زانیارییەکان، لەم ڕێگەیەوە شێوازی ئاخاوتن و زانیاری و بەهاکان بە قوتابی دەگەیەنرێت، فێرکردن چۆنیەتی توانای پەیوەستکردنی مامۆستاو قوتابی بەیەکەوە ڕێکدەخات، سەرەڕای ئەوەش زیاتر جەخت لە شێوازێك بۆ فێرکردنی قوتابی دەکەنەوە، بۆنموونە قوتابی ڕابهێنرێت بۆ گفتوگۆکردن و بەشداریکردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەگەڵ مامۆستادا، لێرەدا پێویستە بایەخ بەوە بدرێت، کە بازدانی زمانی لە ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییەکەدا دروستنەبێت، چونکە دەبێتە خراپ تێگەیشتنی قوتابی و ئاستەنگ بۆ تێگەیشتن لە وانەکە، بۆیە گرنگە لە پرۆگرامی خوێندندا یەك زمان پەیڕەوبکرێت، نەك ئەوەی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی کوردیدا چەندین تێکەڵکردن دەبینرێت، کە تێکەڵکردنی کۆدەکانی دوو دیالێکتە، ئەم تێکەڵکردنە بە تایبەت لە قۆناغی سەرەتاییدا زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت.

4–4–2/1) پەرەپێدانی توانستی قوتابی:

توانست بریتییە لە ڕێکخستنێکی ئاوەزیی، کە توانا دەدات بە قوتابی، یاخود وایلێدەکات کە داخوازییە گۆڕاوەکان و پێویستییەکان لەناو ڕوبەرێکی فێربووندا، یاخود بوارێکی کردەییدا بە سەرکەوتویی و وردی وەربگرێت[63] . توانست وزەیەکە لە مرۆڤدا کە چالاکییە ناوەکییەکان پەرەپێدەدات و ڕێکیاندەخات. پەروەردە دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو دینامیکیەو پرۆسەیەکە لە گۆڕانی بەردەوامدایە، سیستەمی پەروەردە بڵاوکردنەوەی تایبەتمەندی بنەمای پەروەردەکردن و تواناو لێهاتویی فێرکردن و ئاخاوتن و بەرزکردنەوەی ئاستییان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شارەزابوونی سیستەمی بەهای نەتەوەیی و کلتوری بۆ گونجاندنی شێوازی ئاخاوتن لەخۆدەگرێت، فێربوون بنچینەی پێکهێنانی کۆمەڵو بنیاتنانی دەق و جیاوازی و گۆڕانە، بەمەش پەروەردە ڕێکخستنی کارو چالاکیە، کە بەشێوەی سیستەم ڕێکدەخرێت، بە واتا لە ڕێگەی زمانەوە بە پێی سیستەم توانستی قوتابی لە پەروەردەدا پەرەپێپێدەدرێت.

توانست پێکهاتووە لە نواندنە ئاوەزییەکانی یاسا زمانەوانییەکان، کە بە ڕێزمانی ناوەکی ناودەبرێت، توانا بەکارهێنانی ئەو ڕێزمانەیە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا، کۆزانیاری ئاوەزی بۆ پشکنین ڕاستەوخۆ کراوە نییە، دەتوانین تەنها بەهۆی تاقیکردنەوەی نموونەکانی توانا هەڵهێنجان بۆ ئەم توانستە بکەین. هەر لەمەیشەوەیە هەوڵدەدرێت جۆری جیاوازی توانا تاقیبکرێتەوە تا بەهۆیەوە پشکنین لە توانست بکرێت.

توانستی زمانیی لەلایەن چۆمسکییەوە، بە (( توانای زاڵبوون و دەسەڵاتشکاندنەوەی کەسێك بەسەر زمانێکی دیاریکراودا گوتراوەو ئەو زانیارییانەی زمان دەگرێتەوە، کە ئەو کەسە بە شاراوەیی و نادیار لە مێشکیدا هەیەتیی و نادیار پەیانپێدەبات. ))[64]، تاك لە ڕێگەی بایلۆژییەوە توانستی زمانی بۆ دروستدەبێت، کە بە گەشەکردن و پەرەپێدان و هاندان زیاددەکات و توانای بەرهەمهێنانی دەربڕاوی بێکۆتای دەبێت، پرۆسەی پەروەردە لە هەوڵی ئەوەدایە کە ئەم توانایە بۆ منداڵ دەستەبەربکات، ئەمەش لە ڕێگەی پرۆگرام و شێوازی وانەوتنەوەوە بەدەستدێت، لێرەشەوە ئەرکی پەروەردە گرنگترو قورستر دەبێت، کە هەوڵدەدرێت لە

[62]. B. Spolsky and F. M. Hult (2008;76)
[63]. H.J.Vollmer ( 2007: 10)
[64] محەمەد عبدولفتاح حەمەسعید(2001: 14).

ڕێگەی توانستی زمانییەوە توانستی ستراتیژی بەدەستبهێنێت (( کە ستراتیژی یارمەتیدانی قوتابی، بەکارهێنانی باشتری زمان، ڕوانینی وەك توانستی پشتگیری بەدەستبێت، ئەم توانستانە ئامانجی سەرەکییان خوێندن نین، بەڵام ئامڕازن بۆ بەکارهێنانی قوتابی تا باشتر قسەبکەن، گوێبگرن، بخوێنن، بنوسن ))[65].

توانست ئەنجامدانی کارامەیی دیاریکراوو لێهاتویی پەیوەندیکردنە، هاندانە بۆ فێربوون و ئەرکی بەرپرسیارێتی و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو فێربوونی توانای خۆهەڵسەنگاندن و بەردەوامبون، بەمپێیە توانستی پەروەردەیی (( بنەڕەتی کارامەیی و لێهاتویی و کۆزانیاری یان ڕەفتاری داواکراوە بۆ کاریگەری توانای چالاکی یان ئەرکی لە جیهانی ڕاستەقینەدا .))[66]، قوتابی توانستی فێربوونی فراواندەکرێت لە ڕێگەی فێرکردن و تێگەیشتن و هەڵبژاردنی باشترین شێواز بۆ فێربوون، ئەمەش بە باسکردنی بابەت و کورتکردنەوەو ڕونکردنەوەی بابەتەکەو دیاریکردن و پرسیارکردن لە قوتابییان بۆ دەرخستنی ڕادەی تێگەیشتنیان دەبێت .

لەسەر بنەمای توانست چەند چالاکییەکی فێربوون دیاریکراوە، باشترین ئەو چالاکییانەی بواری فێربوونیش، بریتیین لە [67]:

1-بواری بزواوی دەروونی psychomotor domain: دووبارەکردنەوەی لێهاتویی و کۆزانیاری، بە بەکارهێنانی مۆدێلی پلاستیکی.

2-بواری هەستجوڵێنەر Affective domain: پێداچونەوەی ناوەڕۆکی دەق لەسەر پێناسەی بەها، بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ڕاهێنانی ڕونکردنەوەی بەهای کەسی، کە چۆن بەهای کەسی کار لە توانای دەکات.

3-بواری درکپێکردن cognitive domain: بنەمای توانستی فێربوون پێویستە لەسەر ئاستی بەرزی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو ڕەنگدانەوەی میتا درککردن و بیرکردنەوە دەربارەی بیرکردنەوە بێت.

توانست و توانای زمانی ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بیرکردنەوەو داهێنانکاری و پرۆسەی پەروەردەو فێربوون بەگشتی دەگێڕێت، سروشتی ئەم توانست و توانایەی زمان لەم تایبەتمەندییانەدا پوختکراوەتەوە:

ا– لێهاتوییەکی وەرگیراوە بەگشتی، بە واتا لەگەڵ ئەو ئامادەگییە ناواخنییەی کە بۆ پەیوەندیگرتن و تێکەڵاوبوون و کۆمەڵایەتی بوون دەردەکەوێت و ئەمەش کارەکیکردن و بەکاربردنێتی.

ب– ئەم لێهاتوییە بە تێگەیشتن و وەرگرتنی واتای وشەو هێما زمانییەکان دیاریکراوە.

پ– ئەم تێگەیشتنەش لە بەکارهێنانی زارەکی و نوسراو و هاوواتاو دژواتا... درك بە زانینی پەیوەندی نێوان وشەو زاراوەکان دەکرێت و لەمەشەوە لە توانایدا هەیە، کە ڕستەو دەستەواژەکان بەرهەمبهێنن.

پەسنکردنی توانست، بۆ تێگەیشتن لە توانست تەنیا درککردن لەخۆناگرێت، بەڵکو (7) ڕوکاری تری بۆ دیاریکراوە: کۆزانیاری، توانا، لێهاتویی، ئەزمون و تاقیکردنەوە، هاندەر، بەگەڕخستن، خواست و ویست( ئیرادە).

## ئەنجام

[65] www.Maktabtmepi.org

[66] Orhannchetin.weebly.com/uploads.

[67] Teaching and learning in a competency-based curriculum ( 2012: 9-10)


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

1. زانستی زمانی پەروەردەیی بە زانستی هەمەچەشنە دانراوە، چ لەڕوی ناوەڕۆك و كرۆكی توانستەكانیەوە، چ لەڕوی ڕێبازە چەمكیەكانیەوە، لەبەرئەوە بۆ پشكنین و توێژینەوە دەبێت بە زیاتر لە تیۆرییەك لێكۆڵینەوەی تێدابكرێت. بنەماو پرسی زانستی زمانی پەروەردەیی هەمان بنەماو پرسی زانستی زمانی كارەكی و زانستی زمانی گشتییەو دیاریكردنی دروستەی كۆزانیاری ڕایەڵەی پێكبەستنی تایبەتێتی نێوانزانستی ئەم بابەتەیە.
2. بنەماكانی زمانی پەروەردەیی پرۆگرامی خوێندنی زمانی كوردی، بەمشێوەیە پەسنكراون :

ا–بنەمای دەماریی – زمانی: كە دەبێت زمانی پەروەردەیی وروژێنەرو بەكارخەری هەردوو لای مێشكی قوتابیی بێت.

ب–بنەمای كۆمەڵایەتیی – زمانیی: زمانی پەروەردەیی فێربوون و فێركردنی كلتور دیاریدەكات لە ڕێگەی زمانەوە، كە دەربڕو باڵانمای گروپە كۆمەڵایەتییەكان بێت، بە پەروەردەكردنی قوتابی بە بنەما كلتوری و كۆمەڵاتی و ڕەوشتییەكان، دەبێت وشەو دەستەواژەكان لەگەڵ ژینگەی ئێستای منداڵدا بگونجێت و دەربڕاوی خوازەیی بەكارنەهێنرێت، كە ئەمەش لە پرۆگرامی خوێندنی كوردیدا بەرجەستەكراو نییە.

پ–بنەمای دەرونیی – زمانیی: زمان و درككردن كاریگەری ئاڵوگۆڕكراویان لەسەریەك هەیەو هەردوكییان بەشێكی دانەبڕاون لە ئەزمون و لێهاتویی و پرۆسەی بەرهەمهێنان و پرۆسەی تێگەیشتندا، گرنگە وشەو دەستەواژەكان درككردن و تێگەیشتنی قوتابی دەسەبەربكات، نارونی و شاراوەی لە نوسینی دەقدا نەبێت، بەشێوەیەك بێت هەست و سۆزی قوتابی بجوڵێنێت، ڕەچاوی حەزو ئارەزوی قوتابی و بەدەستهێنانی بكرێت، قوتابی بابەتەكان وەك بەشێك لە خۆی ببینێت، زمان دەبێتە دەرخەرو پیشاندەرو ڕێنیشاندەرو بنیاتنان و پەرەپێدانی كەسیتی تاك، كە بناغەدانەری كەسێتی خودی و دەرخستنی تایبەتمەندی كەسێتی خودییە، كە لەم لایەنەوە كەموكورتی تەنانەت پێچەوانەكەشی لە پرۆگرامی خوێندندا دەبینرێت .

ت.بنەمای زانستی زمانیی– زمانیی: زمانی پەروەردەیی مەرج و پێویستە بە زمانی ستاندارد بێت. پێویستە تا قۆناغی چوارەمی بنەڕەتی تەنیا زمانی دایك بخوێنرێت، دواتر قوتابی فێری زمانی دووەم بكرێت، گرنگە پرۆگرام بایەخ بە بەكارهێنانی زمانی ستاندارد، یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاكسییەكان ، دروستنوسینی پیت و وشەكان، خاڵبەندی بدات، پێویستە فێربوونی پیتەكان بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێی زمانی كوردی بێت و لەخۆوەو بێبەنەمانەبێت، وەرگرتن و بەرهەمهێنانی فۆرمە كۆنكرێتییەكان لە فێربوونی زماندا، لە بەرهەمهێنان و وەرگرتنی فۆرمە ئەبستراكتییەكان لە بوارە جیاوازەكاندا ئاسانترو چالاكترن، كە بە كلتورو جیاوازیی كۆدە تایبەتییە كلتورییەكانەوە پەیوەستە، ئەمانە بەگشتی ڕەچاو نەكراون بگرە بە نازانستیش پرۆگرامی خوێندنی پێداڕێژراون.

سەرچاوەكان

ا. بە زمانی كوردی:

1. ا– كوردی

1. ئاڤێستا كەمال، 2012، <u>پرۆسە سایكۆلۆژییەكان لە زمانی كوردیدا</u>، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.
2. ابراهیم فەقێ،2013، <u>پرۆگرامسازی زمانەوانی دەمار NLP و هونەرە كۆمەنیكەیشنی بێ سنور</u>، و. گەرمیان محەمەد، چاپ و بلاوكراوەی چوارچرا.
3. ئیدریس سیوەیلی، 2014، <u>مامۆستای كارامەو وانەوتنەی سەركەوتوو</u>، چاپی یەكەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

ص: 29-1
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

5. جەیمز ئالین، ڕۆبن شارما، تۆنی بوزان، باربارا دانجلیس، دەرونزانی، کۆمەڵایەتی، 2011 و. نەوزاد محەمەد ئەمین، بەختیار ئەحمەد صالح، ئەحمەد نوری، اکرم هادی عەلی ئەکبەر مەجید، چاپی دووەم، چاپەمەنی کارۆ.

7. شاخەوان جەلال فەرەج، 2013،، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.

8. شیلان عومەر حسەین، 2012، پەیوەندی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

10. کەریم شەریف قەرەچەتانی، 2006، سایکۆلۆژیای گشتی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی یەکەم، هەولێر.

13. عبدولواحید موشیردزەیی، 2014، زمانەوانی دەروونی، ناوەندی ئاوێر، چاپی یەکەم،هەولێر.

14. محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، 2009، زانستی هێما هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

15. محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، 2001، زانستی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

18. 2006, ، --------زمان، هزرو کولتور، و.ڕەحیمی سورخی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر.

ب– بەرهەمی بڵاونەکراوە:

1. شیلان عومەر حسەین، 2015، زمانی دایك سەرچاوەیەك بۆ بنیاتنانی کەسێتی، کۆنفرانسی 2015.

2. شیلان عومەر حسەین ، 2015، بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.

3. کاروان عومەر قادر، 2014، بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندنی زانکۆیی، زانکۆی سلێمانی.

4. ناهیدە ڕەحمان خەلیل، 2013، زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ _فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان. زانکۆی سلێمانی.

پ– گۆڤار

1. ئاڤێستا کەمال محمود، 2013، وێنەی هزری، ئاوەزداری و لێکدانەوەی سایکۆزمانییەکان، گۆڤاری زانکۆ، ژمارە 42، زانکۆی سلێمانی.

2. ئاڤێستا کەمال محمود، 2014، ئاوەزداری و درككردنی زمانیی جێناوەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (45).

4. شیلان عومەر، 2014، زمان و پەرەپێدانی مرۆیی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 44.

5. شیلان عومەر حسەین،2015 ، هەڵسەنگاندنی دروستەی کۆزانیاریی پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتی، خوێندنی کوردی وەك نموونە، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە 2.

6. محمد معروف فتاح، 1990، زمانەوانی، چاپخانەی دار المحکمە.

7. هەڤاڵ ئەبوبەکر، 2013، ئەدەب و ژیانی مەدەنیەت، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە 40.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14

المجلد (3) – العدد(1) , حزيران 2019
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**ت- چاوپێکەوتن**

2. **ئاڤێستا کەمال مەحموود، چاوپێکەوتن** ( 2015\5\16).
4. **محەمەد عبدولفتاح حمەسعید، چاوپێکەوتن** ( 2015/5/13).

**ب. به زمانی عەرەبی:**

4. **احمد عازم**، 2007، **التربيه للقيم وادب** الاطفال.
5. **جاسم على جاسم**، **علم اللغه النفسی فی** التراث **العربی**.
6. **حاتم جاسم عزيز**، **مريم خالد مهدی**، 2015، **المنهج والتفكير**، دارالرضوان **للنشر والتوزيع**، **الگبعه الاولى**، **عمان**.
7. **حفيڤه تازوتی**، لغة الطفل بين المحيط و المدرسة.
8. خلود ابراهيم الحموش ، 2010، اشعار ترقيص الاطفال فی التراث العربی القديم فی ضوء علم اللغة الاجتماعی، جامعة الهاشمية، الاردن.
10. **سعاد محمد السيد**، 2009، **الاسس الاجتماعيه** لبناء **المنهج**.
17. **موسى رشيد حتامله**، 1427،نظريات اكتساب اللغة الثانية وتطبيقاتها التربوية ، القسم الاول)، كلية الدراسات العربية والاسلامية– دبي.
18. **محمد حمدان العبادی**، 1996، القيم النتضمنة فی كتب القراءة للصفوف الاربعة الاولى من التعليم الاساسی ( الحلقة الاولى فی سلطنة عمان، كلية التربية، عبری، ساطنة عمان.
19. **محمد اسماعيل المشهدانی**، 2005، **علم اللغه**.
20. نايفة قطامی، نزيه حمدی، يوسف قطامی، تيسير صبحی، صابر ابو طالب ، 2014، تعليم التفكير المرحلة الاساسية.
21. نصرالدين ادريس جوهر، الاسس اللغوية لبناء منهج تعليم اللغة العربية للناطقين بغيرها، جامعة سونن امبيل الاسلامية الحكومية– اندونيسيا.
22. **ناجی تمار**، **عبدالرحمن بن بريكه**، 1964، المناهج التعليمية والتقويم التربوی.
23. **هدسن**، **محمود عبدالغنی عياد**، 1987، علم اللغة الاجتماعی، الطبعة الاولى، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، العراق.

**پ. به زمانی ئینگلیزی:**

1.Mohamaed Saleh, 2012, A Monograph on: Educational Linguistics, its Origin, Definitions and Issues it Accounts, znternational journal of education.
2. Arthur W. Toga & Paul M. Thompson, 2005, Genetics of brain structure and intelligence, University of California, Los Angeles, California, Annual Reviews.
3. Ann Cartwright & Amanda Solloway, 2007, emotional intelligence activities for developing you and your business.
4. Bernard Spolsky and Francis M. Hult,(2008), The Handbook of Educational Linguistics،
5. Carol S. Dweck, 2000 , self – theories , psychology press, Taylor &francis group.

6. C.Jack, education department
7. Critical thinking, learning development, 2010, Plymouth university .
8. Carol Benson, 2004, the importance of mother tongue,
9. Helmut.J.Vollmer,2007, language across the curriculum: Adidaktic perspective, university of osnabrueck, germany.

4– پێگەی ئەلکترۆنی

1. Orhannchetin.weebly.com/uploads
2. Maktabtmepi.org
3. www.wikipeda.com
4. www ictnz.com/handouts/thinking.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/3.1.14